چیرۆکە شیعری

# سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین

خانای قوبادی

## چیرۆکە شیعری

# سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین

کۆکردنەوە و دارشتنەوەی:

حەمەڕەشی ئەمینی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

خانای قوبادی
چیرۆکە شیعری سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین
کۆکردنەوە و داڕشتنەوەی: حەمەڕەشی ئەمینی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٦٨
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٨٧٣ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری. شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین

ئەدەبی کوردی خاوەنی مێژوویەکی کۆن و دەوڵەمەندە، زۆر شاعیر و کەسایەتیی بەناوبانگی ئەدەبی و زانا و بلیمەتی تێدا هەڵکەوتووە کە بە ئافراندنی زۆر شاکاری ئەدەبی، کولتوور و ئەدەبی کوردییان پێش خستووە. یەکێ لەو کەسایەتییە پایەبەرزانەی ئەم مەیدانە، شاعیر و وەرگێڕی ناودار، (خانای قوبادی)یە کە وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی چاند و ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە، پێم وایە پێویست ناکا لێرەدا بە ئەدیب و ئەدەبدۆستانی بناسێین؛ چونکە ناو و ناوبانگی بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەتەوە و هەمووان دەیناسن. تەنیا ئەوەندەی دەڵێم کە خانا یەکێک بووە لە یەکەمین و گەورەترین وەرگێڕانی چیرۆکە شیعرەکانی ئەدەبی فارسی بۆ سەر زمان و ئەدەبی کوردی، کە بەداخەوە پاش ئەو هەموو ساڵانە هێشتا زۆرینەی بەرهەمە بەنرخەکانی هەروا لە گۆشە و قوژبنی ماڵان و ناو بەیازە کۆنەکاندا بەدەستنووس ماونەتەوە و کۆ نەکراونەتەوە و لە چاپ نەدراون، پێم وایە زۆریشیان لەناو چوون، یان بە ناوی کەسانی ترەوە لەم لاو لەولادا لە چاپ دراون!، یەکێ لەو بەرهەمە بەنرخانەی خانا چیرۆکە شیعری (سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین)ە ئەم چیرۆکە شیعرە ئەگەرچی بە ناوی چەند کەسێکی ترەوە کەوتووەتە بەردەست، بەڵام بێگومان سەرەتا خانای قوبادی دای ناوە، تا ئەو شوێنەش پێی بزانم چیرۆکێکی تایبەت بە خۆیەتی. چونکە لەناوەڕۆکی شیعرەکاندا و لە زۆربەی بەندەکاندا ناوی خۆی هێناوە، وەک لەم چەند دێرەی خوارەوەشدا هاتووە:

گۆش دەن بە داستان خانای خان قوباد

وەی دنیای بادی هەرگیز نەبن شاد

یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

خــانا گــۆش بدەر چەرخ كــەچ نـەبەرد

كێ بـە دام ســـەخت مــوبتــەلا نەكــەرد

هـەروەها لە لاپەڕەیەكی تردا دەڵێت:

خـــانـا ئەی دنیـــای بـێ تان و بـێ پـۆ

گـــەردەلوول ئـاســا مــــەیـۆ و مــــەویەرۆ

بۆیـە ئەو چەند بـەیتـەشـم بە نموونـە هێنایـەوە تا بەجـوانی دەركـەوێت كـە هـیی خانایە، هەروا كـە لای ئەدیبان و شـارەزایانی ئەم بوارەش روونـە، خـانای قـوبادی زۆربەی چیـرۆكە شیـعرەكانی لە فارسـییـەوە وەرگێڕاون بـۆ سـەر كوردی، بەتـایبـەت (خەمسـەی نـیزامی) كەچی وا دەردەكەوێت كە ئەم چیرۆكە تایبەت بە خۆی بێ و لە فـۆلكلۆر و ڕاز و ئەفـسـانـەی كـوردییـەوە وەری گـرتبێ و دای ڕشـتـبێـتـەوە. لە شوێنێكی تری ئەم چیرۆكە شیعرەدا ئاماژەی بەوەیش كردووە و دەڵێت:

ســـەڕافــان دەور حــەكــاكــان كــار

ئەی داســـتـــان واتن پـەرێ ڕۆزگـــار

یان لە شوێنێكی تردا دەڵێت:

گــــۆش بـدەن وەراز زەمــــانـەی وەرین

بەیـان كـەم رازان شــای نـۆش ئافــەرین

ئەم چیرۆكە شیـعرە یەكێ لـەو بەسـەرهـاتە نـایابانـەیە لـە ئەدەبیاتی كوردیدا كە دەچێـتـە نێـو بابەتی ئەفسـانە و زیاتر باسـی جن، دێو، پەری، سـیـحر، جـادوو و تەلیسم دەكات، ئەم جۆرە بابەتانەش لە ئەدەبیاتی كوردیدا زۆر كەمن و ئەگەریش هەبن بە كـەمی كۆ كـراونەتەوە، كـەچی ئەمـە بۆ خـۆی بەشـێك بووە لە كـولتـووری كۆنی كوردەواری و لە ئەدەبیـاتی جیـهانیشـدا ئەم جۆرە بـەسەرهـاتانە بەبایەخـەوە سـەیر كـراون و فـیلمی وەك (مـیری ئەنگوسـتـیلەكـان) (سـید الخـواتم) (ارباب حلقها)یان لێ دروست كراوە كە زۆرترین خـەڵاتی ئۆسكاری چنییەوە. ئەم چیرۆكە شیعرەش هەر بەوی دەچێ.

با ئەوەش بڵێم ئەو كـەسـەی كـە ئەم چـیرۆكـەی خـانـای نووسـیـوەتەوە، ناوی حــەســەن بووە كــە لە چەند بـەندێكی ســەرەتادا ناوی خــۆی لە باتی نـاوی خــانا

هێناوە، بەڵام کە گەیشتووەتە ئەو شوێنانەی کە خانا نووسیویە (خانای خان قوباد) ئیدی لەبەر کەم دەسەڵاتیی بووە یان هەر هۆیەکی تر پێی نەکراوە بیگۆڕێ و وەک خۆی نووسیویەتییەوە.

لە ڕووی دووبارە نووسیشەوە دیارە دەستکاری کراوە و لە زۆر شوێندا وشە یان دێڕێکی بۆ نەخوێنراوەتەوە بە کەیفی خۆی شتی لە شوێن داناوە، بۆ وێنە سەیری ئەم چەند دێرە بکەن تا باشتر ڕادەی دەسکارییەکەتان بۆ روون بێتەوە.

کەمەر گەوهەر جەکەمەرگاش بەست

شازادە هۆشش یەکجار بی خەست

دیارە نیوەدێری دووەم لە ڕووی هەجابەندییەوە ناتەواوە، مانایەکی ئەوتۆش نادا بە دەستەوە، بە گوێرەی شارەزاییەک کە لەسەر بەرهەمەکانی (خانا)دا هەمە، پێم وایە ئەو نیوە دێرە ئاوا بێت (شازادە هۆشش یەکجار شی جە دەست) یان سەیری ئەم دێرەی خوارەوە بکەن!

شوستوشوو کەردش روخسار گوڵزار

رەونەق دا شێوەی شۆخ شیرین خاڵ

ئەمە ئیدی لە کاری خانا بەدوورە کە (گوڵزار و شیرین خاڵ) بکات بەسەروا، هەر هیچ نەبێ لە ڕووی هەڵبژاردنی سەرواوە، ئەگەر بەوردی سەیری ئەم چیرۆکە شیعرە بکەین لەزۆر شوێندا بابەتی لەم چەشنەمان بەرچاو دەکەوێ، من تێ کۆشاوم چۆن لە دەستنووسەکەدا هاتووە، هەروەک خۆی بینووسمەوە، مەگەر ئەوەی کە هەڵەی ڕێنووسی بوویێت ڕاستم کردبێتەوە. لە کەناری ئەوەیشدا زۆر بابەتی تر هەن کە شایانی باسکردنن، هەربۆیە پێم خۆشە پێش ئەوەی بچمە سەر بابەتەکە بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەو چیرۆکە شیعرە تیشکێک بخەینە سەر، ئەگەرچی هەندێ لەو ناتەواوییانەمان باس کرد، بەڕای من بۆ ئەوەی باش لەم چیرۆکە شیعرە تێ بگەین، پێویستە نەختێک لەسەری بدوێین، هیچ گومان لەوەدا نییە کە دانەری یەکەمی ئەم بەسەرهاتە (خانای قوبادی)یە، ئەویش هەروەک باسمان کرد وا دەردەکەوێت لەدەم گێڕەرەوەکەیەوە یان لە چیرۆکی دەماودەمەوە بیستوویە و بەم شێوە دای ڕشتووە، بێگومان ئەو ناتەواوییانەی لەم بەسەرهاتەدا دەکەونە پێش چاو هەڵناگەڕێنەوە بۆ دانەری ئەم چیرۆکە شیعرە واتە خانا، لەبەر

ئەوە خانای قوبادی یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی کورد و لە دانانی شیعردا باڵادەست بووە، لە لایەکی تریشەوە باش شارەزای کۆمەڵگای دەوروبەری بووە و تەنانەت شارەزای چاند و داوونەریتی وڵاتانی تریش بووە، ئەگەر بەوردی کاتی تاج لەسەرنانی خورشیدە خانم پاشای فەرەنگ بخوێنینەوە ئاستی شارەزاییی خانا لە مەودایەکی دوور لە مەڕ بیروباوەڕی باوی ئەو سەردەمە دەبینین، بۆیە ناتوانین هەندێ لە لاوازیی لە چیرۆکەکەدا بە کەمدەسەڵاتی و دەستەوەستانیی خانا لە قەڵەم بدەین. بێ گومان ئەم ناتەواوییە لە هەندێک لە بەیتەکاندا، بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە ئەم بەسەرهاتەیان نووسیوەتەوە. بۆ وێنە با سەیری ئەم دوو دێرە بکەین.

سۆزیا بەعەشق خورشید تابان
هاوەختەن دەرچۆ قەلب شیرن گیان

یان:

کەمەر گەوهەر جە کەمەرگاش بەست
شازادە هۆشش یەکجار بی خەست

بۆیە قەت لەو باوەڕەدا نیم کە خانا ئاوای وتبێت، وا دەزانم لە دێری یەکەمدا لەباتی (هاوەختەن دەرچۆ) دەبێ (هاوەختەن بەرشۆ) بێت، لە دێری دووەمدا لەباتی (یەکجار بی خەست) دەبێ (یەکجار شی جەدەست) هەروەها نووسەری ئەم بەسەرهاتە لە هەندێ شوێندا نەیتوانیوە وشەکان بخوێنێتەوە، بۆ وێنە.

ئیسە فەرموودەی شای گوڵ غودارەن
پەردەشان کەردەن ئەو نەپێوارەن

لێرەدا (گوڵ عوزاری) بە (گوڵ غودارەن) نووسیوە، ئەو ناتەواوییانەش بەم چەند دێرە کۆتاییيان نایەت، مەگەر خوێنەر بۆ خۆی بەوردی ئەم بەسەرهاتە بخوێنێتەوە تا باش ئەم کێشانەی بۆ ڕوون بێتەوە، من تەنیا بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری ئەم چەشنە ناتەواوییانە لە چیرۆکەکەدا بێ، ئەم چەند بەیتەم بەنموونە هێنایەوە. ئەگەرچی هەندێ نارێکیشی لە بواری جۆگرافیاییەوە تێدا بەرچاو دەکەوێت و ئەوەی لە کێوی (سەرئەندیب)ەوە دەچێت بۆ مەغریب و فەرەنگ و خەتا و میسر بە

دوای یەکدا ریز دەکا و... کە ئەوەش دەکرێت بە خەیاڵکردی شاعیر دابنرێ کە ئەم شوێنانە لەیەک بەدوور نازانێت. لە لایەکی تریشەوە دەستنووسەکە چ لە سەرەتا و چ لە کۆتاییدا بەشێکی لێ نەمابوو، تا ئەوەی نوسخەیەکی ترم لەلای مامۆستا ئەمینی گۆجەری لە شاری (سەحنە) بە دەست کەوت، کە لە شوێنێکی دەسنووسەکەدا هاتووە:

کاتب کیتاب محەمەد سەلیم نام

ئیبن تیموورخان کولیایی مەقام

کاتێ بەوردی خوێندمەوە لە ڕووی ناوەرۆک و چوارچێوەی دارێژاوی بەسەرهاتەکەوە، لەگەڵ نوسخەی یەکەمدا هەروەک یەک بوون، بەڵام لە ڕووی دانانی شیعرەکان و شێوەزاری دارشتنەوە جیاوازییان هەبوو، ئیدی بۆیشم ڕوون نەبوویەوە کە ناوبراو (محەمەد سەلیم)، دانەری بووە یان وەک خۆی نووسیویەتی، چیرۆکەکەی، دووبارە نووسیوەتەوە و ئاوا دەستی بردووەتە نێو چیرۆکە شیعرەکەوە و ناوی خۆیشی تێیدا هێناوە.

بێگومان ئەگەر ئەم کەسە ئەم چیرۆکەی بە شێوەی جیاوازیش دانابێت، ئەوەی خانای بەوردی خوێندووەتەوە، یان تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ئەوی لە بەردەستدا بووە، ئەوەیش لەوەدا دەردەکەوێت، بەهیچ شێوەیەک لە رەوتی دارێژاوی ئەو چیرۆکە لای نەداوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە هەندێ شوێندا لەوەی خانا زیاترە و ناوی (حەمیدی مەلاح)یشی بە (حەمید مەلا) هێناوە، لە ڕووی شێوە زمانیشەوە بەرەو لەکی دای تاشیوە، هەتا لە شێوەی لەکییەکەیشدا زۆر لاوازە و بەهەڵەدا چووە، بۆ وێنە با سەیری ئەم دوو نیوە دێرە لە دەسنووسەکەدا بکەین.

لاپەڕەی ٣٠٧ دەسنووسەکە (ئاما پەرێ قەست دوو هۆری لەقا)

= = ٣٠٨ = = = (وەپەنجەی شمشاد دوو حۆری نازدار)

لەو دوو دێرەدا وشەی (حۆری) بە دوو شێوەی (حۆری) و (هۆری) نووسیوە، یان وشەکانی (رۆ)ی بە دوو شێوەی (رۆ – روز)وە (بڵێسەی بە بلیزە) یان (هەڵمەت بە حەڵمەت) وە زۆرشتی ئاوا، ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات لەڕووی دارشتنی ئەدەبییەوە زۆرلاواز بووە، بۆ نموونە با سەیری ئەم دێرەش بکەین!

پەرێ مەتڵەبێ من دارۆم ئومێد
قەبووڵ کەری وەتۆم هەن ئومێد

تەنانەت ئەوانەی کە لە ئەدەبی کلاسیکدا شارەزاییەکی سەرەتاییان هەبێ، بەیەک جار سەیرکردنی ئەم دێرە بۆیان دەردەکەوێ کە لە رووی کێش و سەرواوە، لە سەرانسەری چیرۆکەکەیشدا ئەم جۆرە بەیتانە بەرچاو دەکەون، هەر بۆیە نەمانتوانی ئەم نوسخەیە بکەین بە سەرچاوە، و هەر ئەوەی خانامان کرد بە ئەساسی ئەم چیرۆکە و هەندێک ناتەواویی تێدا هەبوو کە بۆ پڕکردنەوەیان لەم نوسخەی دووەمە کەڵکم وەرگرت.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە من کۆپیی ئەم دەسنووسەی خانای قوبادیم لای مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی بەدەست کەوت کە جێگای سوپاس و پێزانینمە، چاوەڕوانیی ئەوەش لەو بەڕێزانە دەکرێت کە ئەم جۆرە بەرهەمە دەستنووسانەیان لایە و لە خوێندنەوە و داڕشتنەوەیاندا شارەزا نین، بیانخەنە بەردەستی دڵسۆزان و شارەزایان، تا لە فەوتان و لەناوچوون رزگاربن، چونکە ئەم جۆرە دەستنووسانە بەشێکن لە سامانی ئەدەبی کوردی.

## کورتەیەک لە چیرۆکە شیعرەکە

ئەم بەسەرهاتە ئەگەرچی لە دوو وڵاتی دوور لە یەکی وەک چین و سووریا (دیمەشق)دا روو دەدا، ئەویش شازادەی چینی بەناوی سوڵتان ئیبراهیم، عاشق و سەرهەڵگرتووی کچە شازادەی دیمەشق بە ناوی نۆش ئافەرین دەبێ، زۆر بابەتی تێدایە کە جێگای باس و توێژینەوەن، ئەگەر بێت و لەسەر تەواوی ئەو بابەتانە بدوێین ئەوا دەبێ چەند کتێبی تری لەسەر بنووسین، من لێرەدا تەنیا چیرۆکەکە بەکورتی دەگێڕمەوە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد و هەمەلایەنە لەم بەرهەمە بۆ زانایان و پسپۆڕان بەجێ دێڵم.

پاڵەوانی ئەم بەسەرهاتە ئیبراهیمە کە کوڕی عادڵ شای چینە و کەسایەتییەکی لێهاتوو و کەم وێنەیە، جارێکیان تاجرێکی شاری دیمەشق رێگای دەکەوێتە چین، ناوبانگی سوڵتان ئیبراهیم دەبیستێ، بە هەرشێوەیەک دەبێ خۆی بە سوڵتان دەناسێنی و باسی جوانیی کچی جەهانگیر شای پاشای دیمەشقی بۆ دەکات، هەر

لەو کاتە وێنەیەکی نۆش ئافەرینی پیشان دەدا، سولّتان ئیبراهیم دەسبەجێ نەک دڵێ سەد دڵ عاشقی نۆش ئافەرین دەبێ، ئەو رازە لای دۆستی نزیکی خان محەمەد کە وەزیری پاشای چین دەبێ دەدرکێنێت، کاتێ لەگەڵ عادڵ شادا باسی ئەو بابەتە دەکات، بەهیچ لەونێ بەوە قەناعەت ناکات کە سولّتان ئیبراهیم بچێت بۆ دیمەشق ، کاتێ سولّتان ئیبراهیم بەوە دەزانێت بڕیار دەدا کە خۆی بە تاکی تەنیا و بێ هیچ یارو یاوەر بەرەو شاری دیمەشق بەڕێ بکەوێت، خان محەمەد لەوە ئاگادار دەبێ، نایەوێت سولّتان ئیبراهیم بەو شێوەیە بەرەو شاری دیمەشق بەڕێ بکەوێت، بە بێ ئاگەداریی عادڵ شا کاروانێک بەڕێ دەخەن و بەرەو دیمەشق بەڕێ دەکەون، پاش ماوەیەک دەگەنە لێواری دەریا و سواری کەشتی دەبن کاتێکیش عادڵ شا بەوە دەزانێ هیچی پێ ناکرێ و تەنیا دەست دەکا بە دوعا و نزا کە خوای گەورە بیانپارێزێ، هەر لەناو دەریادا یەکەم رووداوی ناخۆشیان بۆ دێتە پێشێ، ئەویش نەهەنگێ لە کەشتییەکەیان دەدا و پاتۆر پاتۆر دەبێ و سولّتان ئیبراهیم و خان محەمەد پارچە تەختەیەک وەگیر دێن و بەهەزارحاڵ خۆیان رزگار دەکەن.

کاتێ دەگەنە، وشکایی، پاش چەن ڕۆژ سەرگەردانی لەنێو دارستان و جەنگەڵێکدا پیاوێکیان تووش دەبێ، دەزانێ لێقەوماون، دەیانباتەوە بۆ ماڵی خۆی کە بەتەنیا لەو دارستان و جەنگەڵەدا دەژی و کۆشکێکی بۆ خۆی دروست کردووە، کاتێ دەچنە نێو کۆشکەکەوە، سەریان سوڕ دەمێنێت کە ئەم کابرا کێیە، پاش ئەوەی کە یەکتر دەناسن، دەزانن ئەویش عاشقێکی سەوداسەری کچی ئەسکەندەر شایە، بە ناوی جەهانسووز، دەڵێ ئەسکەندەر شا پێی وتووە من کچ بە هاوشانی خۆم دەدەم تۆ ئەگەر تەواوی سەروەت و سامانی دنیایشت هەبێ، کچت پێ نادەم، کاتێ ئەو دەگێڕێتەوە فرمێسک لە چاوانی وەک چاوگەی بەهار دەڕژێتە خوارێ، سولّتان ئیبراهیم دڵنەواییی دەکا و بەڵێنی پێ دەدا کە ئەگەر بە دیداری نۆش ئافەرین شاد بوو. ئەویش بە دیداری جەهانسووز شاد بکات، کابراکەش کە ناوی حەمیدی مەلاح دەبێ، بەڵێن دەدا بە سولّتان ئیبراهیم هەتا بەدیداری نۆش ئافەرین شاد نەبێ، نەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، پاشان دەڵێت هیچ ورکەتان نەبێ، من ئەوەندە سەروەت و ماڵم هەیە، ئەگەر چەندەها ساڵمان پێ بچێت، پێویستمان بەهیچ نابێ، دەستبەجێ هەڵدەستێتەوە و ئەسپ و بارخانەیەک کە شایستەی سولّتان ئیبراهیم بێت، ئامادە دەکا و، ڕۆژی دوایی زوو وەڕێ دەکەون، لەوێشەوە

پاش چل ڕۆژ دەگەنە نزیکی شاری دیمەشق ، حەمید کە شارەزای ڕێگاکە دەبێ، ڕوو دەکاتە شازادە و دەڵێت.

وات ئەی شـــازادە یە دەمـــشـق شـــارەن
بدەر مـــــزگـــــانـی مـــــەنزڵگەی یارەن

شـــازادە شنەفت ژ مـــوژدەی حـــەمـــیـد
وانا شـــوکـــرانەی دانای کـــەس نەدید

پاشان ڕوو دەکاتە حەمید و دەڵێت تۆ شارەزاتریت، لە پێشدا بچۆ جێگایەک بۆ حەسانەوەمان دەسنیشان بکە و هەواڵمان پێ بدەرەوە، حەمید دەسبەجێ بەرەو شار بەڕێ دەکەوێت و شوێنێکی شایستەی سوڵتان ئیبراهیم، بەکرێ دەگرێ و زوو دەگەڕێتەوە بۆ لای سوڵتان ئیبراهیم وەزیر، پێکەوە دەچنە ناوشار و ئەو شەوە دەحەسێنەوە، هەر لەو کاتەدا ئاگادار دەبن کە چەندەها پاشا و شازادەی وڵاتانی دوور و نزیک هاتوون بۆ خوازبێنیی نۆش ئافەرین، لەوانە کەسانێک وەک (بەهمەن شا شازادەی حەڵەب، ئەلیاس پاشای خەتا، مەلەک توفان پاشای میسر، مەلیک مەحموود پاشای مەغریب، مەسعوود شازادەی خوتەن)، ڕۆژی دواتر گوێیان لە جارچی دەبێ کە بەناو شاردا جار دەکێشێ کە سبەینێ نۆش ئافەرین سەردانی بازار دەکات، با هەمووان ئاگەدار بن، سوڵتان ئیبراهیم و هاوڕێیانی خۆیان بۆ سبەینێ ئامادە دەکەن، تا پێش هەمووان لە خۆشترین شوێنی بازار ڕاوەستن و هاتنی نۆش ئافەرین ببینن، سبەینییەکەی کاتێ دەچنە بازار، سەیر دەکەن تەواوی پاشا و شازادەکان لەگەڵ سوپا و سانی خۆیان لەوێدا حازرن، کاتێ نۆش ئافەرین دەردەکەوێت هەر کامیان دەیبینن دەسبەجێ بێ هۆش دەکەون، سوڵتان ئیبراهیمیش کاتێک چاوی دەکەوێت بەنۆش ئافەرین ئەویش وەک ئەوان هۆشی لەسەر خۆی نامێنێت.

کەفت نەڕووی مەیدان زام دەروون چاک
بەوێنەی ســـایە غـــەڵتـــان بی نە خـــاک

بە دیـدەی پڕ نـەم ئەشـک هوونـاو ڕێز
بەواوەیلای سـەخت شـوور ڕەسـتـاخـێز

حـــەمـــیـــد مـــەلاح وەزیر چەنی هـەم
ئامـــان بـەخـدمــەت شـــازادەی پڕغـــەم

هـۆرگـــرتن نـەڕووی خـــاک ســـیـــاوە
پێـــچـــان وەلـەحـــاف زەڕین زیبـــاوە

رەفـــیـــقـــان بەســـۆز دڵداری کـــەردن
بـە هـەر حـــاڵێ بی بـە مـــەنزڵ بـەردن

ئەو ڕۆژە لە مـاڵ دەمێنێتەوە شەو دادێت، سوڵتان ئیبراهیـم ڕوو لە دۆستەکانی دەکـــات و دەڵێت مـن نـاتوانم چاوەڕوانیـی ئەوە بکەم تـابزانم نـۆش ئـافـــەرین کـێ دەسنیـشـان دەکات، بە هـاوسـەری خـۆی دەبـێ هـەر ئێـسـتـا دەسـبـەکار بم، وەزیر دەڵێت خەیاڵت چییە؟ هـەرچی دەکەیت ئێمەش لـەگەڵتاین، سوڵتان ئیبراهیم دەڵێت دەبێ بەشـــەو، هـەرچۆنێک بێت خـۆم بگـەینمـە نۆش ئـافـەرین و هـەسـتـی دەروونی خـۆمی بـۆ بەیان بکەم. هـەر ئەو شـــەوە بـەڕێ دەکـەون بەرەو قـــەسـری زەڕنیـگار، شوێنی حەسانەوەی نۆش ئافەرین، بەهـەر جۆرێ دەبێ، لە دیواری قەسرەکە ئاودیو دەبن. سوڵتـان ئیبراهیم کاتێ چاوی دەکـەوێت بە حەوش و حەساری قـەسرەکە لەو هەمـوو جوانییـە سـەری سـوڕ دەمێنێت، شـاعیـر لێرەدا کە وێنـەکانی ئەو حـەوش و تەلارەمـــان بـۆ باس دەکـات، وەک ئەوە وایـە کـە تاڤگە و سـەراو و باخ و باغـاتی بەشێک لە کوردستانمان بۆ وەسف بکا، وەک دەڵێت:

چەمـەی ئاو سـاف وێنەی شـیـر و قـەند
ســاف و خـۆشگەوار دانـایان پەســەند

جـــارییـــەن بەڕووی ســـەوزەی فـــەزاوە
وێـنـەی مــــــــرواریـد بـە ڕووی تـەڵاوە

جـــەرگـــەی نـاروەنـد دار ئەرغـــەوان
جـــە شـنـۆی نەســـیم لاحـــەولە وانـان

لاریـی یاســـەمـــەن وێنـەی تاجـــداران
سێف و بەیی بۆخۆش نەسـایەی داران

کاتێک کە سوڵتان ئیبراهیم یارانی لە شوێنێکدا دادەنێ و خۆی بەتاک دەچێتە ژوورێ، کاتێ سەیر دەکات کە نۆش ئافەرین لەسەر تەختخاو نووستوە، ئەویش نزیک دەبێتەوە، نەختێک سەیری دەکات، ئەوجار زۆر بەئارامی ئەنگوستیلەکەی دەردێنێ و لە ئەنگوستی خۆی دەکا و ئەنگوستیلەکەی خۆیشی دەکاتە ئەنگوستی نۆش ئافەرین، تەنانەت چەن ماچێکیشی دەکات و دەگەڕێتەوە، نۆش ئافەرینیش بە نهێنی سەیری دەکات و هیچ ناڵێت، شەوی دواییش هەر بەو شێوەیە ڕوو دەکاتەوە تەلاری شازادە، هەروەک شەوی پێشوو دەچێتە راسەری نۆش ئافەرین، هەرکە دەیەوێ سەرگۆنای ماچ بکات، نۆش ئافەرین وەک تەواری تەرلان ڕادەپەڕێ و مەچەکی سوڵتان ئیبراهیم دەگرێت، کاتێ سەیر دەکات یەک دڵ نە سەد دڵ عاشقی سوڵتان ئیبراهیم دەبێت هەر لەوکاتدا دەڵێت:

غەزاڵ گوڵزار کام دیارەنی
تاوس سەرتەڵ کام عوزارەنی

بەی دەستوور جەماڵ نوورەحەق رەشتە
تۆ جە ئادەمی یام جە فریشتە

وەش ئامای وەخەیر گیانم فێدات بۆ
نوور بینایم قەدەمگای رات بۆ

سوڵتان ئیبراهیم دەزانێ کە ئەویش پێکراوی تیری عیشقە دەڵێت، من سوڵتان ئیبراهیم شازادەی چین و ماچینم، عەشقی تۆ وای لێ کردووم کە هەموو شتێکم لە یاد بچێتەوە، تەنیا تۆم دەوێ و بەس، هەردووکیان بۆ ماوەیەک بەو شێوەیە هەموو شەوێ ژووان دەکەن و لەگەڵ یەکتر ڕادەبوێرن، یەکێک لەو پاشایانە بەناوی مەلیک مەحموود لەو ماوەیەدا زۆر لەوە پەستە کە تەنانەت نەیتوانیوە لە نزیکەوە نۆش ئافەرین ببینێ و قسەی لەگەڵدا بکات، لەگەڵ وەزیرەکەیدا ڕاوێژ دەکات کە چی بکەن، وەزیرەکەی دەڵێت تۆ دەبێ بەنهێنی و بەجلوبەرگی جیاوازەوە شەوێ بچیت بۆ لای نۆش ئافەرین و رازی دڵی خۆتی بۆ بەیان بکەیت، کاتێ بەو شێوەیە دەچێتە ناو قەسر و تەلاری شازادەوە سەیر دەکات کە لاوێکی بێ باک لەگەڵ شازادە دانیشتووە و خەریکی بادەنۆشی و ڕابواردنە، ئەویش هەرچەندە سەیر

دەکـات ئەو لاوە نـاناسـێت، دەگـەڕێتـەوە و ئـەمـە بـە وەزیرەکـەی دەگـەیەنێت، وەزیرەکـەیشـی دەڵێت دەبێ ئەو لاوە لەناو بەرین ئەگـینا دەسـتت نـاگـاتـە نۆش ئافەرین.

شـەوی دواتر چەند کـەسێ لەگەڵ خـۆی دەبات و لە شـوێنێکدا خـۆیان حەشـار دەدەن هەتا سـوڵتـان ئیبراهیم وەک شـەوانی تر دەچێت بۆ لای نۆش ئافەرین و لە کاتی گەڕانەوەیدا مەلیک مەحموود و هاوڕێیانی سەرەڕێی لێ دەگرن وا دەزانن کە هـیـچـی لـەدەس نایە و دەتوانن زوو لە ناوی بـەرن، بەڵام هـەرکـە دەنگی دەدەن، ئەویش وەک هەورە تریشـقـە لێـیان تاین دەبی و چەند کـەسێکیـان لێ دەکـوژێ و مـەلک مـەحـمـوودیش بریندار دەکات و ئەوانی تریش بەپەلە لە دەسـتی هـەڵدێن، ئەلیاس کە سـەرکردەی تەواوی پاشـا و شـازادەکان دەبێ، مەلیک مـەحـموود پەنا دەباتـە بەری و داوای یارمـەتیی لێ دەکـات. ئەویش بەڵێنی پێ دەدات کـە شـەوی دوایی تۆڵەی مەلیک مەحموود لەو کابرا نەناسراوەیە بسێنێتەوە، شەوی پاشتریش هەروەک شـەوانـی تر سـوڵتـان ئیـبـراهیم دەچێت، بۆلای نـۆش ئافـەریـن و لە گەڕانەوەیدا لەپڕ چواردەوری دەگرن، ئەم شـەوە خان مـحەمـەدیشی لەگەڵ دەبێ، هەتا ئەوان چاو دەکەنەوە، سوڵتان ئیبراهیم و خان محەمەد چەند کەسێکیان لێ دەکوژن و ئەلیاس و سەعید و مەسـعوودیش کە لەگەڵیان دەبن برینداریان دەکەن، بەڵام ئەوەندە زۆر دەبن کە باشاریان ناکەن، بۆیە دەکەونە بیری هەڵهاتن لەوکاتەدا چەند مەشخەڵداریان لەگەڵدا دەبن، سوڵتان ئیبراهیم مەشخەڵدارەکان دەکوژێ و تاریکایی دادەکا و لەگەڵ وەزیردا هەڵدێن، ئەوانیش لە ناو خـۆیاندا دەست دەکەن بەشـەڕ تا مـاوەیەکی پێ دەچێت کە مەشـخـەڵەکان رۆشن دەکەنەوە، کـاتێ سـەیر دەکـەن کـەس دیار نییـە و خـۆیان لە خـۆیان دەکـوژن، ئەلیـاس زۆر تووڕە دەبی و هەروا بە تووڕەییـیەوە فـەرمـاندەکـانی بانگ دەکـا و دەڵێ دەبی زیاتر وریـا بن، تا شـتی وا ڕوونەدا، ئەگینا ئابڕوومـان دەچێت، مەلیک مـەحـمـوود زیاتر لە هەمـوو شـتێک لەوە نارەحـەت دەبێ کەوا ئەلیـاس شـا و چەند شـازادەیەک بەهۆی ئەوەوە بریندار بوون، لەگەڵ وەزیرەکەیدا دەکەوێتە وتووێژ کە چی بکات، وەزیر دەڵێت هیچ ورکـەت نەبێ، شـوێنی سـوڵتـان ئیـبـراهیـمم پەیدا کـردووە، بە کـەلەپچـەکـراوی دەیهـێنمـە بەردەسـتت، ئەویش دەڵێت، ئەگـەر ئەوەم بـۆ بکەی هەتا مـاوم لە بیـرم ناچێت، وەزیر دەچێت و بـەنهـێنی دەرمـانی بێـهـۆشـی دەکـاتە ناو خـواردنەکـەی

سـولّتـان ئیـبـراهـیم و هـاوەڵەکـانیـیـەوە، ئەوانیش شـەو کـە دادێت دادەنیـشن و دەس دەکـەن بە خـواردن پـاش مـاوەیەک، هـەر سـێـیـان بێ هـۆش دەکـەون، وەزیر خـۆی حـەشـار دەدا هـەتا شـەو درەنگانێ، لەولایشـەوە نۆش ئافـەرین سـەیر دەکـات کـە سولّتان ئیبراهیم نەهات بۆ لای، نیگەران دەبێ و روو دەکاتە دایەنەکەی و دەڵێت:

واتش ئـەی دایە مـــــەحـــــرەم رازم
دڵســـــۆز هـامـــــدەم راز و نیـــــازم

حـــەرفێ مـــەواچووم مـــەبۆ بشنەوی
بـاوەرە پـەرێـم بـەرگ شـــــــەورەوی

وات سەرگەردت بام زوڵف سیا زەنجیر
ئـەرشـــا بزانۆ لێت مـــەبۆ دڵگیـــر

دەست بـەرد بە ملوان دانـەی جـەواهێـر
لەعلێ بەرئاوەرد چون شـوعلـەی ئاهێـر

بـەخـــشـــا بەدایە ســـەوڵ نـازئەنداز
دایـە زبـان بـەسـت نـامـــــا بـە ئـاواز

شـی وە بـالای بام بـێ خـۆف و ئەندێش
ســەروەناز بەردیش رەفـیق چەنـی وێش

لەســەر دیواری حـەســاری تەلارەکـەی ســەروەناز دادەنێ و بەرەو مـاڵی سـولّتـان ئیبراهیـم بەرێ دەکەوێت، لەولایشەوە وەزیر سولّتـان ئیبراهیم دەپێچێتەوە و دەیدا بە شـانیـدا و بەرەو مـاڵی مـەلیک مـەحـمـوود بەرێ دەکـەوێت، لە ناو رێگادا نۆش ئافـەرین تووشی دەبێت لە شـوێنێکی کـەناردا خـۆی حـەشـار دەدا، تا بزانێ ئەوە چیـیـە، کـاتێ نزیکی دەبێـتـەوە بە هێـواشی لێی دەپرسێ ئەوە چیـیـە بـەکۆڵتـەوە، وەزیریش وا دەزانێ یەکـێک لە هاورێکانی خـۆیـەتی، دەڵێت زوو یارمـــەتیم بدە، سولّتان ئیبراهیمە، بێهۆشم کردووە، نۆش ئافەرین هەکە ئەوە دەبیستێ، شـمشێر هەڵدەکێشێ و:

دەس بەقـەبزەی تیـغ کێـشـا نە غـەلاف
داش نە فەرق سەر شەقش کەرد تا ناف

غـــەڵتـــان بـەزام فـــەرق وێشــــەوە
ئەســـڵـەن ســـەدایێ نامـــا لێــشـــەوە

دەسبـەجێ سوڵتان ئیبراهیم دەگرێ بەکۆڵەوە و بەرەو ماڵ بـەڕێ دەکەوێت، لەپڕ چل کـەس کـێـشکـچـیی ناو بازاڕ تووشی دەبن، ئەوانیش وادەزانن دزە و مـاڵی خەڵکی بڕیوە. پەلاماری دەدەن، ئافراسیاب کە سەردەستەی کێشکچییەکان دەبێ، دەنگی دەدا و داوا دەکا راوەستێ.

ئافراسـیاب دیش شـەخسێ سـیاپۆش
بـارێ چون جـــەواڵ گــرتـە بێ نـە دۆش

ئەی بارە چێشـەن نە پوشت کـەردەنت
جـــە خـــــەزانـەی کێ تۆ ئـاوەردەنت

ســـــەوڵ ســـیم ئـەندام یار وەفـــادار
ئەسـڵـەن نەدا جـەواب ناما بـە گوفتـار

جـــە تـەشـــویشـــیی خـــەزانـەی دۆشش
واچـی ئـەو ئـاواز نـامـــا نـەگـــۆشش

نۆش ئافـەرین لەبەر ئەوەی کـەس پێی نەزانێ پێچ دەکاتەوە و لە کۆڵانێکی ترەوە بۆی دەردەچێت، ئـەوانیش بەشـوێنیدا دەچن تـا پێی دەگـەن، دووبارە ئـافراسـیاب سـەرەڕێی لێ دەگرێ بەسـەر سـەریدا دەگوڕێنێ و دەڵێ، هـەی بەدکار لە دەستی من دەرناچی، ئەویش کۆڵەکەی دادەنێ و دەگەڕێتەوە و دەسبەجێ، ئافراسیاب و چەند کـەس لە هـاوەڵانی دەکوژێ، کێـشکچییـەکانی تر هـەرکـە ئەمـە دەبینن هـەموویان هـەڵدێن. ئەویش دیسـان سـوڵتـان ئیبراهیم دەدا بەکۆڵیـدا، تا دەچێتـە بن دیواری تەلارەکەی، بانگی سـەروەناز دەکات کە یارمـەتیی بدات تا پێکەوە سوڵتان ئیبراهیم دەکێشنـە سـەر و دەیبـەنە نێو مـاڵ و دەسـبـەجێ دەرمـانی دژە بـێ هۆشـیی دەدەن

بەلووتیا و سوڵتان ئیبراهیم پژمەیەک دەکات و وەئاگا دێتەوە، بەڵام سەری لەوە سوڕ دەمێنێ کە چۆن گەیشتووەتە ئەوێ، نۆش ئافەرین تێکڕای بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، سوڵتان ئیبراهیم زۆر خۆشحاڵ دەبێ بەوەی کەوا دڵدارەکەی وەک خۆی لێهاتوو و بەتوانایە.

ئەو شەوە تا نزیکی بەیانی پێکەوە دەبن، دەمەوبەیان سوڵتان ئیبراهیم ماڵاوایی لە نۆش ئافەرین دەکا و بەرەو ماڵ بەڕێ دەکەوێت، کاتێ دەگاتەوە ماڵ، دەبینێ کە هێشتا هاوەڵانی بێ هۆشن، ئەوانیش دێنێتەوە هۆش و تەواوی بەسەرهاتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ سبەینێیەکەی هەواڵی کوژرانی وەزیر و ئافراسیاب و چەند کەسی تر دەگاتە گوێی جەهانگیر شا، ئەویش ئیدی لەو پێکداچوونە زۆر تووڕە دەبێ و وەزیرەکەی بانگ دەکات و هۆکاری ئەو ئاڵۆزییەی لێ دەپرسێ، وەزیریش دەڵێت، قوربان ئەو هەموو شا و شازادەیە لەو شارەدان هەرکام بۆ خۆیان دەیانەوێت دەسەڵاتی خۆیان بە جۆرێ بنوێنن، ئەگەر بیرێکی لێ نەکەیتەوە دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوی گەورەتر بکەی. پاش وتوویژێکی زۆر دێنە سەر ئەو ڕایە، کە بچنە لای (فەیازی) عابێد، تا ئەو کێشەکە چارەسەر بکات و بڕیار بدات کە نۆش ئافەرین بۆ کێ بێ، جەهانگیر شا ئەو ڕایە پەسەند دەکا و بەڵێنی ئەوە دەدا بچێت بۆلای عابێد، پێش ئەوە شازادەکان لەوە ئاگادار دەبن، کە فەیازی عابێد دەبێ بڕیاری ئەوە بدات کە نۆش ئافەرین هی کامیان بێت. بۆیە هەر کامیان بە کۆمەڵێک دیارییەوە دەچن بۆلای فەیازی عابێد، ئەویش پەنامەکی پێیان دەڵێت، نۆش ئافەرین بەم زووانە ناتوانێ شوو بکا. چەند ڕووداوی ناخۆش بەڕێوەن، شازادە دەچێت هەتا جەزیرەی، واق و گوڵباغچەی ئیرەم و ناحیەی فەرەنگ و دەریای موحیت و قەسری سولەیمان و کۆشکی زەنگوڵە و چەندان تەلیسمی ناهەموار لە ڕێیدان، کەسێ کە بتوانێ ئەو تەلیسمانە تێک بشکێنێ، دەبێ بە هاوسەری نۆش ئافەرین. پاشان جەهانگیر شا بە نۆش ئافەرین دەڵێت، کە بچێ و لە سەرچاوەی (نووش) کە چاوگەیەکی پیرۆزە غوسڵ بکا و ئامادە بێ بۆ دەسنیشانکردنی هاوسەری داهاتووی. ئەویش بە فەرمانی باوکی لەگەڵ کارەکەر و دەستوپێوەندەکانیدا دەچن بۆ سەرچاوگەی (نووش)، لەوێدا پاش غوسڵکردن خەریکی خۆ حازرکردن دەبێ کە لەپڕ دەستێ لە ئاسمانەوە. دێت و هەڵی دەگرن، هەرچەند هاوار دەکات کەس بە فریای ناکەوێت.

کاتێ جەهانگیر شا لەوە ئاگەدار دەبێ، تاجەکەی دەدا بەزەویدا و دەس دەکا بە هاوار و داد، بۆ کچەکەی، وەزیرەکەی دێتە لای و دەڵێت، قوربان! گریان و هاوار، هیچی لێ شین نابێ، با فەیازی عابێد بانگ بکەین تەنیا ئەو دەتوانێ رێنوێنیمان کات بۆ رزگارکردنی نۆش ئافەرین. جەهانگیر شا بۆچوونەکەی وەزیری لا پەسند دەبێ و چەند کەسێ لەگەڵ وەزیردا دەنێرن بە دوای فەیازی عابێددا، ئەوەندەی پێ ناچێ کە فەیازی عابێد دێت بۆ لای جەهانگیر شا. ئەویش دەچێت بە پێشوازییەوە و دەسەودامێنی دەبێت کە سۆراخێکی کچەکەی بۆ بکات. فەیازی عابێدیش دەڵێت، هیچ ورکەت نەبێ، کچەکەت هیچی بەسەر نەهاتووە لە دەریای موحیت لە قەسری سولەیمان بەدەستی عەلقەمەی دێو بەند کراوە، کە دوو برای عەلقەمەش، زەلغەم و دەلغەم چاودێریی دەکەن، تەنیا کەسێک دەتوانێ رزگاری بکات، ئەویش سوڵتان ئیبراهیم شازادەی چینە، پاشان دەست دەکا بە ناو قۆڵیدا و طووتییەک دەردێنێ و دورجێکی لە مل دەکات، دەڵێ، بەیانی تەواوی شا و شازادەکان کۆکەرەوە و ئەو طووتییە یەک یەک بدە بەدەستیانەوە، بڵێ ئەو هەڵقەی دورجە لە ملی دەربێنن، لەگەڵ هەرکامیان کەوتە قسەکردن، ئەوە ئەو رزگارکەری نۆش ئافەرینە و هاوسەری داهاتوویەتی.

جەهانگیر شا بەو هەواڵە خۆشحاڵ دەبێ و طووتییەکە لە فەیازی عابێد وەردەگرێ و سوپاسی دەکا، رۆژی دواتر تەواوی شا و شازادەکان ئاگادار دەکەنەوە، کەوا ئەمرۆ رۆژی دەسنیشانکردنی هاوسەری داهاتووی نۆش ئافەرینە، تەواوی ئەوکەسانە کە هاتوون بۆ خوازبێنی لەو کۆبوونەوەیەدا حازر دەبن، جەهانگیر شا تەواوی بەسەرهاتی نۆش ئافەرین بۆ ئامادەبووان دەگێڕێتەوە و دەڵێت، تەنیا کەسێک دەتوانێ رزگاری بکات کە ئەم طووتییە پاش دەرهێنانی ئەو دورجە، لەگەڵیدا بدوێ، سەرەتا لە ئەلیاس شاوە دەس پێ دەکەن، بەڵام هەرچی دەکات، طووتییەکە نایدوێنێ. پاشان یەکە یەکە تەواوی شا و شازادەکان دەیگرن بەدەستەوە و داوای لێ دەکەن کە لەگەڵیان بێتە قسە، بەڵام لەگەڵ هیچ کامیان نادوێ، تا نۆرەی سوڵتان ئیبراهیم دێ. کاتێ دەیگرێ بەدەستەوە و دورجەکەی لە مل دەردێنێ، طووتییەکە بەزمانێکی رەوان لەگەڵی دەکەوێتە قسە و دەڵێت:

جەودما واتش سوڵتان ئیبراهیم

ئینشەڵا بە فەزڵ ئیسم عەزایم

مـــــەدەدكـــــارتـەن فــــەیز نـوور زات
تـۆ نۆش ئـافـــەرین مـــەدەری نـەجـــات

مـــاوەری بەشـــاد نەتۆی قـــەسـر كــاخ
جـــفـت تۆ مـــەبۆ بـە شـــادیـی دەمـــاخ

هـەروەها چەند رێنوێنییـەكی تری دەكات و بێدەنگ دەبێ، تەواوی ئامادەبووانی كوڕەكە لەو دەسـتنیشـانكردنەی تووتییـەكە زۆر تووڕە دەبن و تـەنانەت ئەوەندەی نامێنی كە هـەر لەوێدا پەلاماری سولْتـان ئیبـراهیم بدەن و بیكوژن، لەولایشـەوەش ئاگــەداری ئازایـەتیی ناوبراون و هـیچ كـام ناوێرن هـیچ بلْــێن و یەكــە یەكــە بە سەرشۆڕی كوڕەكە بەجێ دێلْن. جەهانگیر شا دەچێ و دەستی سولْتان ئیبراهیم دەگـرێ و لەلای دەســتی خــۆی دای دەنێ و پاش بەخـێـرهێنان دەلْێت، فــەیازی عابێدیش هەر دوێنێ ئەو هەوالْەی پێ دام كە تەنیا تۆ دەتوانی نۆش ئافەرین رزگار بكەیت، ئێستا منیش تەنیا هیوام بەتۆیە، سولْتان ئیبراهیم دەلْێت پشت بە خوا نۆش ئافەرین رزگار دەكەم و بە دیدارت شادی دەكەمەوە، ڕۆژی دواتر جەهانگیر شا و سولْتان ئیبراهیم دەچن بۆ لای فەیازی عابێد، ناوبراو پاش بەخێرهێنان، روو دەكاتە سولْتان ئیبراهیم و دەلْێت:

ئەر سـەد مـەكێشـی جەفا و دەردیسـەر
مــــاوەری بـەشـــــاد ســــەولْ نازپـەروەر

مــــدارات نـەبۆ بـە وەخت و بـێ وەخت
مـەكـەری فـەتحی تەلیـسـمـات سـەخت

سێ نـەفــەر رەفـــیق یـار و هامـــڕاتەن
وێنـەی غـــولاْمـــــان نەخــــاك پـاتـەن

بەلاْم یـەكـێـشــان نـەڕووی خــەجــالْەت
مـــەكـەرۆ خــدمــەت نـەڕووی خــەیـانـەت

پاش چەند ئامۆژگارییەکی تر دورج ( گەردەنبەند)ی ملی تووتییەکە دەردێنێ و دەیدا بەدەستی سوڵتان ئیبراهیمەوە، دەڵێت هەر کاتێ تووشی کۆسپێک بووی نەتزانی چی بکەی، سەیر ئەو دورجە بکە، هەرچی تێدا نووسرابوو، جێبەجێی بکە، رزگارت دەبێ.

پاشان لەگەڵ جەهانگیر شا ماڵاوایی لە عابێد دەکەن و بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە، کاتێ بەڕێ دەکەون، وەزیری جەهانگیر شا کە ناوی عیزەت خان دەبێ، دەچێتە لای جەهانگیر شا و دەڵێت با سەلیمی کوڕم لەگەڵیان بێت، مەبادا ئەوانە لە گەڕاندنەوەی نۆش ئافەریندا خیانەتمان لێ بکەن، بەهەر لەونێ دەبێ بەڵێن، لە شا وەردەگرێ، کە سەلیمی کوڕی لەگەڵیان بچێت، پاشان دەچێتە لای سەلیم و ئەنگوستیلەیەکی پێ دەدا و دەڵێت هەرکاتێ ئەرکەکەیان هەموو جێبەجێ کرد و گەڕانەوە، ئەو ژارە هەلاهێلە لە ژێر ئەو ئەنگوستیلەیەدایە بیدە بە سوڵتان ئیبراهیم و خۆت نۆش ئافەرین بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق، ئەوکاتە جەهانگیر شا لە تۆی مارە دەکا، بەم شێوەیە سەلیمیش لەگەڵیان بەڕێ دەکەوێت.

ماوەی سێ مانگ بە کەشتی دەچن تا دەگەنە نزیکی جەزیرەیەک، کاتێ لە خاوەن کەشتییەکە پرسیار دەکەن کە ئەو جەزیرە کوێیە؟ ناوبراویش دەڵێت جەزیرەی (گویا)یە پڕە لە گیانداری دڕندە و دێو و درنج، هەرکەس چووەتە ئەو جەزیرەوە نەگەڕاوەتەوە، سوڵتان ئیبراهیم دەڵێت، هەر لێرە دادەبەزین، لەگەڵ هاوڕێکانی دەچنە ناو جەزیرەکە، ئەوەندەی پێ ناچێ و، دەوراندەوریان پڕ دەبێ لە هەزاران دێو کە یەکێکیان ئاوا هەڵدەنێ.

یەکێ جە دێوان قەد وێنەی منار
دەست و پا چون فیل ئەنگوشت چون چنار

گەردەنەش وێنەی شتور دراز بێ
دەندانش وێنەی سفرەی گوراز بێ

غورا وەهەیبەت مەلعوون لەعین
واتش ئیبراهیم شای چین و ماچین

پەی چێش ئامانی وەی جاگە و مەکان
هەرکەسێ ئامان ساف بییەن بێ گیان

سوڵتان ئیبراهیم دەڵێت، ئەگەر مەردی مەیدانی فەرموو، دێوی بەدکار گورزێکی بەدەستەوە دەبێ هەڵی دێنێ و هەتا هێزی تێدا دەبێ دەیدا بەسەر قەڵغانەکەی سوڵتان ئیبراهیمدا، کە نۆرەی سوڵتان ئیبراهیم دێ، شمشێرەکەی ڕادەکێشێ و دەیدا لەناو قەدی دێوەکە و وەک خەیار دەیکا بە دوو کەرتەوە، کاتێ کە سوپای دێوان ئەوە دەبینن گەلەکۆمەیان بۆ دەکەن ئەمانیش لە کوشتنیان ناپرنگێنەوە یەکێ دەکوژن چوار دێنە جێگایان، کە شەو دادێت و دێوەکان فەرمانی حەسانەوە دەدەن و دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. ئەمانیش لە نزیک دارێکی گەورەدا دادەنیشن. خەو دەیانباتەوە و تەنیا سوڵتان ئیبراهیم وەخەبەر دەبێ، لەپڕ دوو باڵندەی سوور و سەوز دێن و لەسەر دارەکە دەنیشنەوە، باڵندە سوورەکەیان دێت و لە پێستی دارەکە هەندێک دەخوات، باڵندە سەوزەکە لێی دەپرسێ بۆچ پێستی ئەو دارە دەخۆیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت هەر کەسێ بریندار بێت و گەڵای ئەم دارە بخوا، دەسبەجێ برینەکەی خۆش دەبێتەوە، پێستەکەیشی دەبێتە هۆی رزگاربوون لە بەڵا و نەهامەتیی مەزن، میوەکەیشی دەبێتە هۆی هەڵهاتنی دێو و گیاندارانی دڕندە. باڵندە سەوزەکە دەڵێت؟ بۆ ئەمە چ دارێکە؟ ئەویش دەڵێت داری (عوود و سنج)ی پێ دەڵێن، ئەوە دەڵێن و دەفڕن و دەچن. سوڵتان ئیبراهیمیش دەسبەجێ هەڵدەسێتەوە و هەندێ لە گەڵا و میوە و پێستی دارەکە دەکاتە کیسەیەکەوە لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرێ.

هەرکە ڕۆژ دەبێتەوە سوپای دێوەکان هێرش دێننەوە بۆ سەریان، کاتێ نزیک دەبنەوە کە بۆنی عوودەکە دەکەن وێکڕا هەڵدێن. بۆ چەند ڕۆژێک لەو جەزیرەیەدا دەمێننەوە، تا تەواوی دێو و درنجەکان لەناو دەبەن، پاشان سواری کەشتی دەبن و بەرەو مەغریب دەڕۆن، لە دوای یەک مانگ دەگەنە وڵاتی بەربەر، لەوێدا دادەبەزن و روو دەکەنە ئەو سەرزەوینە، لە جەزیرەی واق واق شەو دادێ و دەبینن لە دوورەوە هەزاران مەشخەڵ داگیرساوە، ڕۆژی دواتر بەرەو شوێنی مەشخەڵەکان دەچن، نازانن کە ئەو مەشخەڵانە بریسکانەوەی چاوی زەنگیی مرۆڤخۆرن، ئەوەندەی پێ ناچێ کە چواردەوریان دەگرن و ئا بەم شێوەیە وەسفی ئەوانیش دەکات.

هەفــتـــاد هەزار دێو قـــەد وێنەی چنار
دەهەن بە غــەوغـا وێنەی ســیـــامــار

هەریەکێ ســەنگێ کـەمـتـەر بی نەکـاخ
بـەوێنـەی زیوەر کــــەردەنش ســــووراخ

نەجـاگـەی زیوەر نەگــەردەن کـەردەن
(بـەڕووی ســــــینـەدا ئـاوێزان وەردەن)

شـــــــــازادە و یاران هــەر چواربـەهـەم
مـەشـغـووڵ بین دەردەم بە ئیسم ئەعزەم

کاتێ نزیک دەبنـەوە پرسـیـار دەکەن، ئەی بەنی ئادەم، چۆن ڕێگاتان کەوتووەتە ئەم سـەرزەوینە، مەگەر ناوی زەنگییانی مرۆڤخۆرتان نەبیستووە؟ وەزیر دەچێتە بەرەوە، دەڵێت ئێمـە بیناسـازین، ئەگەر ئیزن بدەن لە ماوەیەکی کەمدا باشترین کۆشکتان بۆ دروست دەکەین پاشای زەنگییان دەڵێت، باشە، ئەگەر ئەو کارەمان بۆ بکەن، هەرچیتان نیاز بێت، جێبەجێی دەکەین. سوڵتان ئیبراهیم دەڵێت وەزیر ئەوە چی دەڵێت؟ دەڵێت گەورەم دەبێ بیانوویەک بدۆزینەوە بەڵکو ڕزگارمان بێت. پاشـان دەڵێن دەبێ لەم دەوروبەرە بگەڕێین تا باشترین جێگا بۆ دروستکردنی کۆشکەکە پەیدا دەکەین، پاشای زەنگییان دەڵێت، باشە بەڵام نەکەن خەیاڵی دەرچوون لە کەللەتان بدا، بچنە ژێر زەوینیش دەتانـدۆزمەوە، ئەوانیش دەس دەکەن بەگـەڕیان لەو ناوانەدا، چاویان دەکەوێت بەباڵندەیەک کە لوولاقی باڵی شکاوە، سوڵتان ئیبراهیم کاتێ دەچێتە لای باڵندەکە دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵیدا و دەڵێت من ناوم ڕوخە، هاتم بۆ پەیداکردنی خواردن بۆ بێچووەکانم، بە دەستی زەنگییان بریندار بووم، شازادە دەڵێت:

زام ڕووی بـەدەن هەم شـکەســــتـــەی باڵ
مـــەکـەروو ســـاڕێژ نـەی جـاگـە دەرحـاڵ

چون هـەردەجـاران پەرواز کـەیت پەی وێت
تۆمـن مـــــەبـەری بەدەریا مـــــوحـــــیت

روخ کە ئێد شنەفت گوشاد بی جە غەم
وات قـــەســـەم بەزات دارای مـــوعـــەزەم

ئەر بکەی دەوای باڵ شکەســـــتـــــەم
ســـــارێژ بۆ زام هووناو جـــەســـتـــەم

نە خـــــــدمـــــــەتکاری نەداروومم درێغ
نمەبووم هەرگـــیـــز نەکـــارت فـــارێغ

شازادە دەڵێ: هیچ ورکەت نەبێ، هەرئێستا چاکت دەکەمەوە، هەندێ لە گەڵای دارەکە دەردێنی و لە باڵی باڵندەکەی دەسوێ و دەسبەجێ خۆش دەبێتەوە. باڵندەکە دەڵێت، هەتا ماوم گوێ بە فەرمانتم، باڵندەکە هەرچواریان لە پشتی خۆی سوار دەکات و بەرەو دەریای موحیت دەیانبات، هەروەک لەم پێشەکییەدا ئاماژەم پێ کردووە.

یەکێ لە لایەنەکانی ئەم چیرۆکە ڕواڵەتی ئەفسانەیی و ئوستوورەگەراییەکەیەتی کە تا ئێرە زۆر شتمان لەم لایەنەوە بۆ دەرکەوت، کە کوشتنی دێوەکان، پەیدابوونی باڵندەیەک کە بتوانێ چەند کەس لەسەر پشتی خۆی سوار بکات و بێ خەم بفڕێت، یان تێگەیشتن لە وتووێژی باڵندەکان ئەمانە هەموویان دەچنە چوارچێوەی ئەفسانە و زۆر شتی ترەوە.

بەهەرحاڵ پاش ئەوەی باڵندەکە هەر چواریان هەڵدەگرێت، دەڵێت، ئەوە سێ ڕۆژە هەواڵی بێچووەکانم نازانم، ئەگەر روخسەت بدەن با شتێکیان بۆ بەرم و هەواڵێکیان بزانم، شازادەش دەڵێت لە شوێنێ کە نێچیر و ئاژەڵی زۆری لێ بێ، دامان بنێ، تا بۆ خۆشمان ئاژەڵێ راو بکەین، لە سارا و مێرغوزارێکی پڕ لە نێچیردا دایان دەبەزێنێ، سوڵتان و هاوڕێیانی نێچیرێکی زۆر دەکوژن و بانگی روخ دەکەن هەرچەند دەتوانی هەڵبگرە و بیبە بۆ بێچووەکانت، چەند نێچیرێکیش بۆ خۆیان دادەنێن و دەس دەکەن بە کەباب، رۆخ لە ماوەیەکی کەمدا خواردن دەبات بۆ بێچووەکانی و بەسەرهاتی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە، بەگورجی دەگەڕێتەوە بۆ لای شازادە و هاوڕێیەکانی.

ئەو شەوە لەو شوێنە دەمێننەوە و شازادە بە هاورێکانی دەڵێت من بەیانی دەچم بۆ کـۆشکی سـولەیمان تا سێ ڕۆژ چاوەڕێی من بکەن، ئەگـەر نەهاتمەوە ئیـدی بۆ خـۆتان دەزانن چی بکەن، ڕۆژی دواتر سـواری روخ دەبێ و بەرەو کـۆشکی سـولەیمان بەڕێ دەکـەوێت، روخ بە شـازادە دەڵێت من تۆ لە نزیکی کـۆشکی سولەیمان دادەنێم و دەبێ بگەڕێمەوە با ئەلقەم نەزانێت کە یارمەتییەکی تۆم داوە، ئەگینا لەگەڵم دەبێ بە دوژمن و بێچووەکانم لەناو دەبات. شازادە دەڵێت، باشە، لە نزیکی کۆشکەکەی سولەیمان دای دەنێ و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، شازادەش بەرەو کۆشکی سولەیمان، بەڕێ دەکەوێت، ئەوەندەی پێ ناچێت دەگاتە کۆشکەکە کاتێ دەچێتە ژوورەوە، سەیر دەکات، نۆش ئافەرین لە سووچێکدا هەڵکورماوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

دوعا مەکەرد و مەسۆزا و مەوات
ئەی یار شیرین رۆحم بۆ فەیدات

مەر نمەزانی من سفتەی داخم
گیروگرفتار تەلیسم کاخم

ئێد وات جەناگا لاکەرد وەلاوە
دیا شازادە مدران وەپاوە

هەردوو کەردشان نیگای چەم وەهەم
هەردوو بێ هۆش بین خەجڵ و ماتەم

جەدمای ساتی هەم ئامان بە هۆش
هەردوو چەنی هەم گرتن نە ئاغۆش

کە هاتنەوە هۆش، باوەشیان کرد بەیەکدا و ماوەیەک یەکیان بەر نەدا، هەر لەو کاتەدا شازادە ئەحواڵی پرسی و، ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. لەپڕ ئەلقەم هاتە ژوورەوە و چاوی بە شازادە کەوت، کە دەستی لە ملی نۆش ئافەرین کردووە، بە دەنگی بەرز وتی هۆی ئادەمیزاد! چۆنت وێراوە بێیت بۆ ئەم شوێنە،

مەگەر ناوی منت نەبیستووە؟ شازادە وتی ئەی لەعین تۆ وات دەزانی کە هەروا بە ئاسانی دەتوانی مەعشووقەکەم بفڕێنی و لە دەستیشم دەرباز بی! من قاتڵی سەری تۆم، ئەوەی وت و شمشێری هەڵکێشا و پەلاماری ئەلقەمی دا، دای لە ملی و تەوقێک لە ملیدا بوو کردی بەسەد پارەوە. ئەلقەم شازادەی هەڵگرت و خەریک بوو فڕێی بداتە نێو گێژاوی دەریاوە، بەڵام شازادە بەتوندیی شاخ و گوێیەکی ئەو دێوە بەدکارەی گرت و چەندی کرد نەیتوانی خۆی رزگار بکات، ئاخرەکەی هەردووکیان کەوتنە نێو دەریاکەوە، هەر لەو کاتەدا نەهەنگێ سەری دەرهێنا و ئەلقەمی برد بەدەما، خەریک بوو شازادەش هەڵلووشێ، لەناکاو روخ بە فریای کەوت و شازادەی لە دەم نەهەنگەکە رزگارکرد و، هێنایە سەر وشکایی.

لە کاتی شەڕکردنی ئەلقەم و شازادەدا، زەلغەم و دەلغەم دێن و نۆش ئافەرین دەرفێنن بۆ باخی رەوزەی (دڵگوشا). شازادەش کاتێ دەگەڕێتەوە، هەرچەند دەگەڕێت، نۆش ئافەرین نادۆزێتەوە، بڕیار دەدا بگەڕێتەوە بۆلای هاوڕێیەکانی بەڵکو هەواڵێکی نۆش ئافەرینیان دەست بکەوێت، لەگەڵ (روخ)دا دێنەوە، بۆ لای دۆستانیان و، تەواوی بەسەرهاتەکەیان بۆ دەگێڕنەوە، وەزیریش دەڵێت ڕێگاچارەمان ئەوەیە، کە روخ بچێت بەڵکو بە هەر جۆرێ بووە، هەواڵێکی نۆش ئافەرینمان بۆ بێنێ. دەسبەجێ ڕوخ هەڵدەفڕێ و دەست دەکا بەگەڕیان. ماوەیەکی زۆر دەگەڕێت تا نۆش ئافەرین لە رەوزەی دڵگوشادا دەدۆزێتەوە و سەیر دەکا زەلغەم و دەلغەم لەلای دەستی دانیشتوون، بەگورجی دەگەڕێتەوە و ئەو هەواڵە دەدا بەشازادە، شازادەش بێ دواکەوتن بەرەو رەوزەی دڵگوشا بەڕێ دەکەوێت، هەر لە دوورەوە دەڵغەم دەبینێ بەرەو ڕووی دێت ئەویش بەیەک زەربەی شمشێر دەیکاتە دوو لەتەوە، زەلغەم کە ئەمە دەبینێت بە تووڕەیییەوە بەرەو لای سوڵتان ئیبراهیم دێت و دەڵێت، ئەی بەدکار! تۆ ئەلقەم و دەلغەمت کوشت و کۆشکی سولەیمانت وێران کرد، ئێستا مەحاڵە لە دەستی من رزگار بی؟ شازادە دەستبەجێ مستێک دەکێشێ بەسەر زەلغەمدا و بێ هۆشی دەکات. زەلغەم کاتێ دێتەوە هۆش، دەزانێ شازادە وا بەسەر سنگیەوە و خەریکە بیکوژێ، ئەویش دەڵێت، من دەبمە موسڵمان بە غولامی تۆ بەو مەرجەی نەمکوژی، ئەویش دەستی لێ بەردەدا، هەرچەندە روخ دەڵێت، باوەڕ مەکە بە بەڵێنی زەلغەم، بەڵام شازادە گوێی ناداتێ و دەڵێت، نا ئیدی ئەو موسڵمان بووە، ئەوجار دەچێت و نۆش

ئافەرین دێنی و سواری روخی دەکا، و خۆیشی لەسەر شانی زەلغەم و بەرەو لای هاوڕێکانی بەڕێ دەکەون، کاتێ دەگەنە جێ، هەمووان بەدیتنیان خۆشحاڵ دەبن و دەسبەجێ شوێنێکی باشیان بۆ ساز دەکەن و بۆ ماوەیەک لەو شوێنە دەمێننەوە. لەم کاتەدا، شەوێ زەلغەم هەلی دەست دەکەوێ و نۆش ئافەرین دەفڕێنێ و دەیبات بۆ تەلیسمی موڵکی زەنگوڵە، بۆلای دایکی کە ئارایش دێوی ناوە، ئارایش دێو کە لە بەسەرهاتی کۆشکی سولەیمان و کوشتنی ئەلقەم و دەلغەم ئاگادار دەبێ، دەیەوێت نۆش ئافەرین بکوژێت، بەڵام زەلغەم دەڵێت، ئەگەر نۆش ئافەرین بکوژی، ئیدی سوڵتان ئیبراهیم لە دەسمان دەردەچێت. دەبێ بەهەر شێوەیەک بێ لە تەلیسمی زەنگوڵەدا گرفتاری بکەین، بەو شێوەیە رازی دەبێ و نۆش ئافەرین دەبەن و دەیخەنە بیرێکەوە، لە ناو بیرە تاریکەکەدا بۆ ماوەیەک هیچێ نابینێ، تا کەم کەم بەرچاوی ڕوون دەبێتەوە، سەیر دەکات یەک حۆری لەقایەک لە بیرەکەدایە کە ئاه و ناڵە و مەرگ یان رزگاربوونی خۆی بە ئاوات دەخوازێ، نۆش ئافەرین دەچێتە لای و خۆی پێ دەناسێنێت، ئەویش دەڵێت، ئەی نۆش ئافەرین من ئادەمیزاد یان (مرۆڤ) نیم، من پەریم و ناوم مەیموونە خاتوون، کچی خواجە عەبدورەحمان، شای پەرییانم، ئەوە دوو ساڵە بەندکراوی تەلیسمی زەنگوڵەم، هەرچی باوکم سوپا و لەشکری هێنایە سەر ئەم تەلیسمە، نەیتوانی من رزگار بکات، (نۆش ئافەرین)یش بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت، هیچ ورکەت نەبێ، سوڵتان ئیبراهیم دێت هەردووکمان رزگار دەکات.

نۆش ئافەرین وات گیان شیرینم
خاترت جەم بۆ ئەی نازەنینم

سوڵتان ئیبراهیم مەبۆ خەبەردار
پەرێمان نەپشت روخ مەبۆ سوار
ماوەرۆ وەی جا خەیمە وەنیم سات
ئێمە هەردوومان مەدەرۆ نەجات

بەم شێوە دڵخۆشیی مەیموونە خاتوونیش دەداتەوە و دەبن بەهاودەمی یەک. لەولایشەوە کاتێ سوڵتان ئیبراهیم لەو ئاگادار دەبێ کە وا زەلغەم نۆش ئافەرینی

رفاندووه، دووباره دەستەودامانی روخ دەبێ، کە شوێنی نۆش ئافەرینی بۆ پەیدا بکات، روخ باڵ دەگرێتەوە و روو دەکاتە ماوای دێوان بۆ ماوەی دە ڕۆژ زۆر شوێن دەگەڕێت. بەڵام لە هیچ شوێنێ نۆش ئافەرینی بەرچاو ناکەوێت، هەتا دەگاتە سەر تەلیسمی زەنگوڵە. بەهەر شێوەیەک دەبێ لە تەلیسمەکە نزیک دەبێتەوە، سەیر دەکات کە نۆش ئافەرین لەناو بیری زەنگوڵەدا بەند کراوە، زوو دەگەڕێتەوە و شازادە ئاگادار دەکاتەوە و ئەویش خێرا بەرەو تەلیسمی زەنگوڵە بەڕێ دەکەوێت.

کاتێ دەگاتە شوێنەکە، چەند پەڕێکی خۆی بە شازادە دەدا و دەڵێت، هەرکاتێ پێویستت بە من بوو، یەکێ لەو پەڕانە ئاگر بدە، خێرا لەلات حازر دەبم، ئەمە دەڵێت و مالاوایی لە شازادە دەکات. شازادەش بەرەو تەلیسمی زەنگوڵە بەڕێ دەکەوێت، سەیر دەکات دوو چیای گەورە بەسەر یەکەوە ڕاوەستاون، هیچ دەرگایەکیش بەدی ناکرێ، زۆر دەگەڕێت تا پەیژەیەکی بەرچاو دەکەوێت، بە چیای سەرینەوە نرابوو، بەو پەیژەیەدا سەر دەکەوێت، دەرگایەک دەبینێ، بەڵام هەرچی دەکات دەرگاکەی بۆ ناکرێتەوە. ماندوو دەبێ و لە شوێنێکدا خەوی لێ دەکەوێت.

لەپڕ فەیازی عابێد دێتە خەوی پێی دەڵێت، سوڵتان ئیبراهیم! لە لای دەستی ڕاستتەوە بەردێکی ڕەش هەیە لەژێریدا، لەوحێکی نووسراو شاردراوەتەوە، هەرچی لەسەری نووسراوە جێبەجێی بکە، بە ئامانجی خۆت دەگەیت، کاتێ خەبەری دەبێتەوە دەچێت و لەوحەکە دەدۆزێتەوە و ئەوەی لەسەری نووسراوە، جێبەجێی دەکات، چۆرتمی زۆر دێنە سەر ڕێگای، لە جادووگەر و دێوی شاخدار و ئەژدیهای ترسناک، گیانلەبەری مرۆڤخۆر، تا دەگاتە سەرچاوەی تەلیسم، دەبینێ ئارایش دێو وەک پیرەژنێ لە دوورەوە دانیشتووە، سەیری لەوحەکە دەکات، دەڵێت ئەگەر بە سێ تیر ئەو پیرەژنە نەکوژیت، بۆ هەتاهەتایە دەبی بە پارچەیەک بەرد، شازادە ناوی خودا دێنێ و یەک تیر و دوو تیری بە خەتا دەچن. هەتا سەر سنگی دەبێ بە بەرد، بۆ تیری سێیەم زۆر دەپاڕێتەوە و نزا دەکات کاتێ سەیری لەوحەکە دەکات دەڵێت، سێ جار ناوی ئیمامی عەلی بنووسە و لە تیرەکەی ببەستە، ئەویش ئەو هەرمان (کار)ە دەکات و تیرێک لە پیرەژنەکە دەدا و دەیکوژێت، بە کوشتنی پیرەژنەکە تەلیسمی زەنگوڵەیش بەتاڵ دەبێتەوە، دەڕوا هەتا دەگاتە سەر ئەو بیرە، کە روخ باسی کردبوو، کاتێ سەیر دەکات، نۆش ئافەرین بە چەندەها زنجیر

بەستراوەتەوە، دەچێت و رزگاری دەکات، هەر لەوکاتەدا نۆش ئافەرین بەسەرهاتی مەیموونە خاتوونی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت، ئەویش لێرەدا بەند کراوە، شازادە دەچێت و مەیموونە خاتوونیش لە بیرەکە رزگار دەکات. لە دەرەوە کاتێ بەوردی سەیری مەیموونە خاتوون دەکا دەڵێت، خوایا من تا ئێستا پەریم نەدیوە، بەڕاستی لەنێو پەرییانیشدا شتی بەم جوانییە هەیە، یان تەنیا مەیموونە خاتوون ئەوەندە جوانە؟ مەیموونە خاتوونیش لەبەر ئەم کارەی زۆر سوپاسی دەکات. دەڵێت من هەتا ماوم دەبمە کارەکەرت. بەڵام دەبێ، ئیزنم بدەیت دوو ساڵە لە بنەماڵەکەم دوورم، دەبێ هەواڵی رزگاربوونم بە باوکم و ماڵەوەمان ڕابگەیەنم ، بێگومان لەگەڵ باوکم کە شای پەرییانە و سەرجەم دێو و پەریی ئەو وڵاتەی لە ژێر دەستدایە، دێینەوە لات، ئەمە دەڵێت و ماڵاوایی لە نۆش ئافەرین و شازادە دەکات و هەڵدەفرێت.

پاشان شازادە دەڵێت، هەرچی گەڕام زەلغەمی تەرەسم دەست نەکەوت، هەتا نەیکوژم، ناگەڕێمە دواوە، بە نۆش ئافەرین دەڵێت، تۆ لێرە ڕاوەستە، هەتا زەلغەم پەیدا بکەم و تۆڵەی ئەم بێ ئەدەبییەی لێ بکەمەوە، ئەوجار هەموو کون و کەلەبەرێک دەپشکنێ، بەڵام زەلغەم پەیدا ناکات، لەولایشەوە زەلغەم بەوە دەزانێ و هەر لە ئاسمانەوە دەست درێژ دەکاتەوە و نۆش ئافەرین هەڵدەگرێ و دەیفرێنێ. بە هاواری نۆش ئافەرین، شازادە ئاگەدار دەبێتەوە و هەرچی دەکات، نایگاتێ، دادەنیشێت و دەس دەکات، بە گریان، هەرلەوێدا، ئاگرێک دەکاتەوە و پەری روخی تێ داوێ، ئەوەندەی پێ ناچێت روخ دێتە لای، سەیر دەکات، شازادە خەمبارە و دەگری، کاتێ لەوە ئاگادار دەبێتەوە کە زەلغەم نۆش ئافەرینی بردووە بە شازادە دەڵێت، لەسەر پشتم سوار بە، دەبێ بە زووترین. کات بیدۆزینەوە، ئەگینا لە دەستی زەلغەم نەجاتی نابێ.

هەر لەو کاتەدا مەیموونە خاتوونیش دەگاتەوە، وڵاتی پەرییان و هەواڵ دەدەن بە عەبدورەحمان، شای پەرییان، کە مەیموونە خاتوون رزگاری بووە و بەرەو ماڵ دێتەوە، ئەویش لەگەڵ دەستوپێوەندەکانی دەچێ بە پێشوازییەوە، پاش بەخێرهێنییان دەڵێت، کچم چۆن رزگارت بوو، ئەویش بەسەرهاتی نۆش ئافەرین و سوڵتان ئیبراهیمی بەوردی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت سوڵتان ئیبراهیم هات و بەتەنیا تەلیسمی موڵکی زەنگوڵەی تێک شکاند و هەردووکمانی رزگار کرد،

ئێستاش لە دەریاکەناردایە لەگەڵ هاوڕێکانی، شای پەرییان بە سەر سوڕمانەوە دەڵێ، ئاخۆ چۆن من بەو هەموو سوپا و سانەوە شکستم خوارد ئەو بە تەنیا خۆی توانیی ئەم سەرکەوتنە وەدەست بێنی. نانا هەر وا نابێ دەبێ بەزووترین کات، بچین بیهێنین بۆ باخی گوڵستان، هەر لەوێدا فەرمان دەدا بە دێو و پەرییان، کە بەرەو لای شازادە بەڕێ کەون، کاتێ دەگەنە لای شازادە، مەیموونە خاتوون سەیر دەکات شازادە زۆر پەرێشانە و نۆش ئافەرین لەگەڵیدا نییە، پرسیاری نۆش ئافەرینی لێ دەکات، دەزانێ کە زەلغەم فڕاندوویەتی. دەڵێت بەشوێن مندا وەرن، دەزانم بۆ کوێی بردووە، ئەمان بە شوێن مەیموونە خاتووندا دەڕۆن. لەولایشەوە زەلغەم دەڵێت ئەمە هەمووی کەتنی ئەو باڵندە ناهاڵەیە، دەبێ ئەمڕۆ هەم تۆ و هەم بێچووەکانی روخ بخەمە ناو ئاگرەوە و لە تۆڵەی بنەماڵەکەمدا هەمووتان بسووتێنم. نۆش ئافەرین دەبەستێتەوە و دەچێت بێچووەکانی روخەکەش دێنێ و ئاگرێکیش دەکاتەوە کاتێک کە ئاگرەکە بڵێسەی بەرز دەبێتەوە، هەرسێکیان هەڵدەفڕێنێ و لە سەرەوە فڕێیان دەداتە ناو ئاگرەکەوە. دەسبەجێ مەیموونە خاتوون فریایان دەکەوێ و نۆش ئافەرین و بێچووەکانی روخەکەش پێش ئەوەی بکەونە ناو ئاگرەکەوە، رزگار دەکات.

زەلغەم بەوە دەزانێ و پەلاماری مەیموونە خاتوون دەدات، ئەمەش هەر لە دوورەوە هاوار دەکات، ئاهای زەلغەمی تەرەس، ناتوانی لە دەستم دەرچیت، خێرا شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ و لەنێو قەدی زەلغەمی دەدا و دەیکات بە دوو کەرتەوە و فڕێی دەداتە ناو ئاگرەکەوە، مەیموونە خاتوون سەیر دەکات، نۆش ئافەرین بێهۆش کەوتووە، بە پەرییەکان دەڵێت، زوو هەندێ گوڵاوم بۆ بێنن، بە ئاوی گوڵاو وە هۆشی دێنێتەوە کاتێ چاو دەکاتەوە و مەیموونە خاتوون دەبینێ، باوەشی پێدا دەکات و چۆنیەتیی رزگاربوونەکەی دەپرسێت، ئەویش بەرەو وڵاتی پەرییان بەڕێ دەکەون و تا دەگەنە، لای شای پەرییان، ئەویش دێت بە پێشوازییانەوە و بە ڕێزێکی تەواو دەچنە ناو باخی (گوڵستان)، پاشان فەرهەنگی دێو کە دواتر دەبێتە یەکێک لە باشترین هاوڕێیانی شازادە و لەگەڵ مەیموونە خاتووندا زۆر هەرمانی بۆ جێبەجێ دەکەن، بەڕێی دەکەن، تا هاوڕێیانی لە دەریاکەنار بێنێت بۆ باخی گوڵستان، لەوێدا بۆ ماوەی چل ڕۆژ دەمێنێتەوە، تا ڕۆژێک سوڵتان ئیبراهیم، روو دەکاتە شای پەرییان و دەڵێت، ئێمە قەت لە دیدارتان تێر نابین. بەڵام بۆ خۆت

دەزانی کەسوکارمان زۆر چاوەڕوانی ئێمەن کە بگەڕێینەوە بەتایبەت جەهانگیر شا کە ئارەزووی دووبارە دیتنی نۆش ئافەرین دەکات، عەبدورەحمان شا دەڵێت، پێش ئەوەی بچن، دەبێ شتێک هەیە، پێتانی بڵێم، بەڵێن شکاندن بۆ پاشایان زۆر کارێکی خراپە و دەبێتە مایەی ڕیسوایی، من بەڵێنم داوە هەرکەسێ مەیموونە خاتوون رزگار بکات، هەرچێکی بوێ، بۆی بکەم و لێی مارە بکەم و بیکەم بە هاوسەری، سوڵتان ئیبراهیمیش دەڵێت، ئەی خاوەن شکۆ هەروا جەنابتان بەڵێنتان بەخۆتان داوە، منیش بەڵێنم بە نۆش ئافەرین داوە، هەتا گوڵی باخی ئەو نەچنم، دەست بۆ هیچ گوڵێکی تر درێژ نەکەم، بەو شەرتەی مەیموونە خاتوون قبووڵ بکات، منیش قبووڵی دەکەم، پاش نۆش ئافەرین وەک هاوسەری دووەم لەگەڵی بژیم. ئەوانیش قبووڵی دەکەن و بڕیار دەدەن، پاش زەماوەندی نۆش ئافەرین، زەماوەندیش بکەن بۆ مەیموونە خاتوون و شازادە، پاشان خۆیان ئامادەی ڕۆیشتن دەکەن، لەگەڵیان بەڕێ دەکەون تا چیای (سەرئەندیب)، لەوێدا شای پەریان دەڵێت لێرە بەولاوە ولاتی مرۆڤانە، ئیدی بێ خەم دەتوانن بچنەوە بۆ دیمەشق. بۆ خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەمانەیش بەرەو ولاتی دیمەشق بەڕێ دەکەون.

شەو لەنێو دارستان و سارایەکدا پشوو دەدەن. هەر ئەو شەوە سەلیمی تەرەس، شازادە ژارخوارد دەکات و نۆش ئافەرین بە بێهۆشی دەخاتە پاشکۆی خۆی و بەرەو شاری حەڵەب بەڕێ دەکەوێت، شازادە دەست دەکات بە هاوارو ناڵەناڵ. وەزیر کاتێ ئەو ناڵەو هاوارە دەبیستێ دەچێتە ڕاسەری و سەیر دەکات کەف کەوتووتە لای دەمی. دەزانێت ژەهرخۆر کراوە، دەستبەجێ بانگی حەمید دەکات تا بە فریای شازادە بکەوێ ماوەیەک دەستوپێی خۆیان ون دەکەن، وەزیر بە حەمید دەڵێت، زوو روخ ئاگادار بکەوە، حەمیدیش پەڕی روخ دێنێ و دەیخاتە ناو ئاگرەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت، روخ حازر دەبێ، کاتێ سەیر شازادە، دەکات دەڵێت، تەنیا شای پەریان دەتوانێ رزگاری بکات، دەسبەجێ بەرەو ولاتی پەریان دەفڕێ و هەواڵەکە بە مەیموونە خاتوون و شای پەریان دەدا.

سەرەتا مەیموونە خاتوون لەگەڵ فەرهەنگی دێو و نەسروڵای حەکیمدا بەرەولای شازادە بەڕێ دەکەون و پاشانیش شای پەریان لەگەڵ چەندەها دێو و پەریدا، دەگەنە جێ، نەسروڵا دەڵێت، تەنیا بە (مۆهری) سولەیمان و شیر، چاک دەبێتەوە،

شـای پەرییان مـۆهری سـولەیمانی پێ دەبێ و فـەرمان دەدا کە شـیریشی بۆ حـازر بکەن، بـەم جـۆرە دەست دەکـەن بە دەرمـانـی شـازادە. پاش دە ڕۆژ شــازادە، چاو دەکـاتەوە و سـەیر دەکـات، مـەیمـوونە خـاتوون بـەڕاسـەریەوە ڕاوەسـتـاوە، لە شـای پەرییـانەوە بگرە تا وەزیر و حـەمید دەسـتەوئەژنۆ دانیشـتـوون. کاتێ دێتـەوە هۆش هـەواڵی نـۆش ئـافــەرین لە مــەیمـوونـە خــاتوون دەپرســێت، ئـەویش تـەواوی بەسـەرهـاتەکـەی بۆ دەگێـڕێتـەوە کە سـەلیم چیی بەسـەردا هـێناوە، هـەر لەوێدا ڕوو دەکاتە شـای پەرییان و دەڵێت فـەرمان بدە بە فەرهـەنگ و روخ بچـن بە شـوێن نۆش ئافەریندا و لە هـەرکوێ سـەلیمیان بینی، دەسبەجێ گیـانی لێ بستێنن. فەرهـەنگ و روخ بەڕێ دەکەون، لەولایشـەوە سـەلیم زۆر دوور دەکەوێتـەوە و لە شـوێنێکدا پشـوو دەدات. کـاتێ نۆش ئافـەرین دێتـەوە هـۆش، پرسـیـار دەکـات لێرە چی دەکەین، ئەی شـازادە و هـاوەڵانی لە کوێن؟ سـەلیم دەڵێت نۆش ئافـەرین ئـیدی بەتەمـای شـازادە مـەبە، من ژارخـواردم کردووە و مـردووە، دەبێ ببی بەهـاوسـەری من. نۆش ئافـەرین لەو قسـەیەی سـەلیـم ئەوەندە تووڕە دەبێ کە خـەنجـەرەکـەی هەڵدەکێـشێ و وەکو شێرێکی مێ پەلاماری دەدا و تا سـەلیم دێتەوە سـەرخۆی، لە چەند لاوە بەسـەختی برینـدار و خـەڵتـانی خـوێنی دەکـا. نۆش ئافـەرین بەوەش ڕازی نـابێ و سـەری لە لاشـەی جیـا دەکـاتەوە و، پاشـان جلوبـەرگەکـەی سـەلیم لەبـەر دەکات و سـواری ئەسـپـەکـەی دەبێ و بەرەو لای شــازادە دەگـەڕێتــەوە. هـەر لـەو کـاتـەدا روخ لە ئاسـمــانەوە چاوی بە ســەلیم دەکـەوێت، پـەلامـاری دەدا کـە بیکوژێ، لەپڕ نۆش ئافـەرین لەمـە ئاگـەدار دەبێت و هـاوار دەکـات. ئەی روخ وریا بە ئەوە منم، سـەلیم نیــیـە، هـەرلەوێدا بەدیداری یەک شـاد دەبنەوە و نۆش ئـافـەرین هـەواڵی شـازادە دەپرسێت، ئەوانیش دەڵێن بە هـاوکـاریی مـەیموونە خـاتوون و عـەبدورەحمـان شـا، سوڵتـان ئیبراهیم خـۆش بووەتەوە، بەگورجی دەگـەڕێنەوە بۆ لای شازادە و هـەواڵی گـەڕانەوە و کوژرانـی سـەلیم بەدەسـتی نۆش ئافـەرین، دەدەنە شـازادە و ئەویش لەو هـەرمـانەی نۆش ئافـەرین زۆر خـۆشحـاڵ دەبێ و مـاوەیەکی تر لەلای شـای پەرییـان دەمـێننەوە، هـەتا شـازادە بـەیەکجـاری خـۆش دەبێتـەوە، ئەوجـار مـاڵاوایی لە شـای پەرییان و تەواوی هـاوڕێیانی دەکەن و بـەرەو وڵاتی دیمەشق بەڕێ دەکەون.

مـەلیک بەهـمـەن کە شـای حـەڵەب دەبێت، لەو کاتەدا لە دیمەشـقەوە دەگـەڕێتـەوە، چیـڕۆکـەکـەی سـوڵتـان ئـیبـراهیم ئـازاری دەدات و بۆ ئەوەش چەنـد بەشـێـک لە

سـوپاکـەی لەو سنوورانە دادەنێت هەتا لە کـاتی گـەڕانەوەیدا تۆڵەی ڕووداوەکـەی دیمەشقی لێ بکاتەوە، کاتێ دەگەنە سەر سنووری حەڵەب، سیخوڕەکان ئەو هەواڵە بە مەلیک بەهمەن دەدەن، ئەویش دەسبەجێ سوپایەکی زۆر دەبا و لە نیوەشەوێکدا چواردەوریان دەگرێ، شازادە و هاوڕێیانـی کە بەوە دەزانن، سەرەتا دەست دەکەن بەشەڕکردن، کاتێ دەزانن کە ناتوانن بەرەنگاری ئەو سوپا زەبەلاحە ببنەوە، بیری هەڵهاتن دێ بەسـەریاندا و ورده ورده لـە سـوپاکـە دوور دەکـەونەوە و هەڵدێن، لە کـاتی هەڵهـاتندا لێک هـەڵدەبڕێن، بەڵام شـازادە و نۆش ئافـەرین دەست لێک بەرنادەن، ئەسپەکانیان تاو دەدەن، ناشزانن بەرەو کوێ دەڕۆن، سـەر لە بیابان و چۆلایی دەردێنن، ئەوەند ئەسـپـەکانیـان تاو دەدەن هـەتا لەپێ دەکـەون. پاشـان بە پیادە دەڕۆن، تا لە ڕێکردنیش دەکەون و هەردووکیان لەو بیابانەدا لە هۆش دەچن.

هەر لەو کـاتەدا مـەیموونە خـاتوون ڕوو دەکـاتە فـەرهـەنگی دێو و دەڵێت تـاسـەی شازادەم کردووە، بابچین بزانین گەیشتووەتە کوێ. بەڕێ دەکەون و زۆر دەگەڕێن. تا لەو بیـابانەدا بـەو حـاڵە دەیاندۆزنـەوە و هـەروا هەڵیـان دەگرن، دەیانبـەنەوە بۆ باخـی (گـوڵسـتـان) بەهـەزار دەردیسـەر و زەحـمـەت، هەتا وە هـۆش دێنەوە، کـە چاویان دەکـەنەوە، سـەیر دەکەن مـەیموونە خـاتوون وا بە ڕاسـەریانەوە، شـازادە، دەڵێت خـاتوون ئەمـجارەش بە فـریامـان کەوتی، بەم جۆرە ئەمـجارەش لە مـردن رزگـاریان دەبێت، حـەمـیـد و وەزیریش لەیـەک جیـا دەبنـەوە، وەزیر کـە برینەکـەی قـورس دەبێ. ئەسـپـێک تاو دەدا و دەچێت، هـەتا دەگـاتـە دەرکی باخـێـک، لەوێدا. ئەویش بە بێـهـۆشی لە ئەسـپـەکـەی دەکـەوێتـە خـوارێ، باخـەکـە هیی (مـاهی زەڕئەفشـان) کچی خـوسرەو شـای ئەنتـاکیە دەبێ، کـاتێ دێت و بەو حـاڵە شـڕە دەبینێ، فـەرمـان دەدا زوو بیبـەنە مـاڵەوە و برینەکانی دەرمـان بکەن، دوای چەند ڕۆژێ دێتـەوە سـەرخـۆی و ماهی زەڕئەفشـان هەرکە چاوی پێ دەکەوێت، عـاشـقی دەبێت، پرسـیاری لێ دەکات کە لە کوێوە هـاتووە و چۆن وای لێ هـاتووە، وەزیریش تەواوی بەسـەرهـاتی خۆی و شـازادەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمـیش دەچێتە لای باوکی و بەسـەرهـاتی شازادە و وەزیر و نۆش ئافەرینی بۆ دەگێڕێتەوە:

خـوسـرەو شـا شنەفت گوزەشـتـەی ئەوکار
خـــــەیلێ پـەرێشــــان گـــــرەوا بـەزار

وات خـــان مـــحـــەمـــەد من و عـــادڵ شـــا
نـەڕای کـــوردســـتـــان هەردوو بـەهـەمـــڕا

نـە ئەو ســـەفـــەردا عـــادڵ شـــای پڕزوور
زۆر کـــــەرد نـەپـدەر بـەهـمـــــەنی بـەدنـوور

ئێـــســـتـــە تۆ مـــاچـی بەهـمـــەن پڕزۆرەن
مـــەگـــەر عـــادڵ شـــا ئۆجـــاخش کـــوێرەن

قـەسـەم بـەخـوا دەبـێ تۆڵەی ئەو بێ ئەدەبییـە لە بەهـمـەن بکەمـەوە، هـەر لەوێدا فەرمانی شـەڕ دەدا و سوپایەکی زۆر کۆ دەکاتەوە و وەزیر دەکا بە فەرماندەی و بۆ شـەڕی بەهمـەن شـای بەڕێ دەکات. وەزیریش زۆربەی شـارەکانی وێران دەکات و حـەلەب دەگـرێ و مـەلیک بەهمـەنیش بەند دەکات، لەولاشـەوە لەوکـاتەدا شـازادە فەرهەنگی دێو دەنێرێت هەتا هـەواڵی وەزیر و حەمـید بزانێت، کـاتێ دەگاتە شـاری حـەلـەب، ســەیر دەکــات، وەزیر بەســوپایەکی زۆرەوە لەگــەڵ مــەلیک بەهمــەندا کـەوتووەتە شـەڕ، فـەرهـەنگ دەچێت و ئەو هـەواڵـە بە شـازادە دەگـەیەنێ، ئـەوانیش بەپەلە، بەرەو شـاری حـەلەب بەڕێ دەکەون، کـاتێ دەگەنە ئەو جێ، وەزیر دەیەوێت، مـەلیک بەهمـەن بکوژێت، بەڵام مـەیموونە خـاتوون خـۆی دەگـەیێنێتـە وەزیر و پێی دەڵێت جــەنابی وەزیر، تکایە بەهمــەن ببــەخـشــە بـەمن. ئەویش دەزانـێت شـازادە هاتووە دەچێت بە پێشـوازییـەوە. سـوڵتـان ئیـبـراهیـمیش کـە بە دیداری شـاد دەبێتـەوە، چۆنیەتیی هاتنی ئەو سوپایەی لێ دەپرسێ، ئەویش تەواوی بەسەرهـاتی ئەو مـاوەیەی بۆ دەگێڕێتەوە، هـەر لەو کاتەدا مـاهـی زەڕئەفـشـان دێت و بە دیداری شـازادە و نۆش ئـافـەرین شـاد دەبێ. شـازادە زۆر سـوپاسـی مـاهـی زەڕئەفـشـان و باوکی دەکـات، بۆ ئـەو یارمـەتییـەیان. پاشـانیش مـەلیک بەهمـەن ئازاد دەکـات و دەیکاتەوە بە پاشـای حـەلەب و خـەڵاتی دەکات. ئـەویش بەڵێن دەدا هـەتا مـاوە سـەر لەپێناو و گوێڕایەڵی شازادە بێت.

ئەلیـاس و تووفـان کە هـەواڵی مـەلیک بەهـمـەن دەزانن دەکـەونە بیـری ئەوەی بە فڕوفێڵ شـازادە بانگهێشت بکەن بۆ خـەتا، چەند کەسێک بەکۆمـەڵێک دیارییـەوە ڕەوانەی لای شـازادە دەکـەن و داوای لێ دەکـەن، کـە مـاوەیەک لـەلای ئەلیاس شـا

میوان بێت، ئەویش قبوولّی دەکات و بەرەو پایتەختی ئەلیاس بەڕێ دەکەوێت. هەرچەندە وەزیر دەڵێت، شازادە، وریا بە، ئەمە داوە، شازادە پێی دەڵێت، هیچ ترست نەبێ، تا ئەوەی لە شەوێکدا هەردووکیان بێهۆش دەخەن و باڵبەستیان دەکەن، دەیانبەنە لای ئەلیاس، ئەویش بە تووڕەیییەوە دەڵێت، جەنابی شازادە لە بیرتە ئەو شەوە لە دیمەشقدا چیت بەسەر هێناین، وات دەزانی ئیدی هەر وا بەئاسانی بەسەرتەوە دەچێ! هەرلەو ماوەیەشدا حەمیدی مەلاح بە دەستی پیاوانی ئەلیاس دەگیرێ و دەیخەنە بەندیخانەوە، کاتێ سەیر دەکات، دەزانێ کە شازادە و وەزیر گیراون بە تووڕەیییەوە ڕوو دەکاتە ئەلیاس شا دەڵێت، ڕۆژێ لەو هەرمانەی خۆت پەشیمان دەبیتەوە، ئەی بەدکار! هەر لەو کاتەدا دەستێ لە ئاسمانەوە درێژ دەبێتەوە و شازادە هەڵدەگرێ و دەیبات، ئەلیاس زۆر دەترسێ، دەڵێت ئەمانە بەرن بیانخەنە بەندیخانەوە، ئەو دەستەش دەستی ئارایش دێو خوشکی ئەلقەم و زەلغەم دەبێ. شازادە دەبات و دەیخاتە بیرێکەوە، دەڵێت، دەبێ بە ئەشکەنجە بتکوژم هەتا تۆڵەی بنەماڵەکەمت لێ دەکەمەوە، بەزنجیر دەست و پێی دەبەستێتەوە و هەڵی دەواسێت، هەموو ڕۆژێ جارێ دێتەوە و ئازار و ئەزیەتی زۆری دەدا و بەو حاڵە لێی دەگەڕێ.

ڕۆژێکیان شازادە زۆر لە خوا دەپاڕێتەوە داوای یارمەتیی لێ دەکات و خۆی ڕادەپسکێنێ و تەواوی کۆت و بەند و زنجیرەکان دەپچڕێنێ و رزگاری دەبێت، هەر لەو شوێنەدا شمشێرێکی دەست دەکەوێت و لە خۆی دەبەستێت، جادووی ناکەس وەک ڕۆژانی تر دێت و بەردی سەر بیرەکە لا دەبا، لەپڕ شازادە وەک شێر پەلاماری دەدا و بە یەک شمشێر دەیکات بە دووکەرتەوە. ماوەیەک تۆزوغوبارێ هەڵدەستێ و پاشان دنیا ئارام دەبێتەوە. شازادە نازانێ لە کوێدایە، هەروا بەڕێ دەکەوێت و دەچێت تا لە دوورەوە سیاچادرێک دەبینێ، کاتێ دەچێتە نزیکی سیاچادرەکەوە، هاوار دەکات، خاوەن ماڵ، میوانم هەرچیت هەیە بمدەرێ، تینوو و برسیمە، پیرەژنێک دێ بە دەمیەوە و دەڵێت فەرموو کەمێ نانی جۆ و شیری بۆ دێنێت، پاشان پرسیار دەکات، ئەم خاکە موڵکی کام پاشایە، پیرەژنەکەش دەڵێت موڵکی پاشای فەرەنگە. بەبیستنی ئەمە و پەڕی روخەکە دەخاتە ئاگرەوە، روخ لەلای حازر دەبێ، لەسەر پشتی خۆی سواری دەکا و هەتا دەرکی ماڵی ئەلیاس ڕاناوەستێ، هەر لە دوورەوە هاوار دەکات ئەلیاسی ناکەس، ناتوانێ لە دەستم

دەرچیت، ئەلیاس و مەلیک تووفان سەریان لێ دەشێوێت، هەردوویان دەگرێ و بەندیان دەکات، پاشان فەرمان دەدا وەزیر و حەمید ئازاد بکەن، کاتێ وەزیر دێتەوە، چاوی بە ئەلیاس دەکەوێت. ڕوو دەکاتە شازادە و دەڵێت، ئەلیاس کارێکی خراپی کرد، جەنابت لێی ببوورە، شازادە دەسبەجێ هەردووکیان ئازاد دەکات و خەلاتی شاهییان پێ دەبەخشێت. هەر لەوێشدا ئەوانیش بەڵێن دەدەن هەتا زیندوون لە فەرمانی شازادە دەرنەچن. بۆ ماوەیەک لەوێدا دەمێننەوە و پاشان بەرەو فەرەنگ وەڕێ دەکەون و لەوێدا خەیمە بارەگایان بەرپا دەکەن، هەر ئەوەندەی دەزانن، سوپایەکی زۆر هاتە سەر شاری فەرەنگ، شازادە پرسیار دەکات، ئەم سوپایە هیی کێیە و بۆ چی هاتووە، کابرایەکیش لەوێ دەبێ و دەڵێت:

ئەو شەخس عەرز کەرد شازادەی سالار
سپای زیگوات ئاما وەئەی شار

پادشای فەرەنگ کناچەی دارۆ
هەزار کەس پەرێش ئەروا مەسپارۆ

خورشیدەی عالەم شای عالەمگیرەن
عالەم نەسەوداش بەستەی زەنجیرەن

ئێد خەیاڵشەن سەرهەنگ موردار
بەزۆری بکێشۆش خورشیدەی نازدار

شازادە ئەوە دەبیستێت و خۆی پێ ناگیرێ و لەگەڵ حەمید و وەزیردا دەچن بۆ یارمەتیی قاتب شا، شای فەرەنگ، چەند تیپ لە سپای زیگوات تێک دەشکێنن، تا دەگەنە لای زیگوات شازادە پەلاماری زیگوات دەدات و بەیەک زەبری شمشێر دەیکاتە دوو کەرتەوە، سوپای زیگوات ئەوە دەبینن هەموویان دەسبەجێ هەڵدێن، هەرکە سەیر دەکەن دەبینن قاتب شا لە مەیدان کەوتووە، زوو هەڵی دەگرن و دەیبەنەوە بۆ ماڵ و دەیدەنە دەستی وەزیر و خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ ناو خەیمە و بارەگای خۆیان، کاتێ قاتب شا کەمێک دێتەوە هۆش، پرسیار لە وەزیر دەکات، ئەو کەسە کە ئێمەی رزگار کرد، چیی لێ هات، وەزیر دەڵێت گەورەم لە دەرەوەی

شـاردا بارەگـای هەڵداوە، فـەرمـان دەدا بچن بە پێشـوازییـەوە و بیـهێننە کۆشکی شـایەتییـەوە، ئەو شـایسـتـەی ئەوەیە بـە جـوانتـرین شـێـوە خـزمـەت بکرێ. وەزیر و چەند کـەسێ لە پیـاوماقـووڵانـی دەربار دەچن شـازادە و یارانـی بە ڕێورەسـمـێکی شـاهانەوە دەێننە خزمەتی قـاتب شـا، کـاتێ شازادە دەچێتـە لای قاتب شـا، سـەیر دەکات کە لـەسـەرەمـەرگدایە، شـازادەش دەچێتـە لای دەسـتی و ئەویش بـەگـەرمی بەخێرهـاتنی دەکات و پاش ئاگاداربوونی لە ئەسڵ و نەسەبی، دەڵێت:

واتـش شـــازادە مـــەتڵـــەبم ئێـــدەن
چون فــەرزەند وێم بەتـۆم ئومـێـدەن

من وێـم مـــەزانوو ڕۆحم پـەڕکــەندەن
عـومـرم جـەی دنیـا نەفـەس نەمـەندەن

وەسـیـەتم ئێدەن بەعـد ئەز مـەردەنم
جـەدمـای مـــەردەن دەفن کـەردەنم

دەڵێت لە پاش مەرگم لەگەڵ وەزیران و خەڵکی شاری فەرەنگدا خورشیدەی کچم بکەن بـەجێگەدار و تاجی شـاهیی لەسـەر دابنێن و مـاوەیەک لەلای بمێنـەوە هـەتا خەڵکی شاری فەرەنگ هـەمووان ڕێزی لێ بگرن، نـەکا دڵپیسێک لێی بێت بە دوژمن و تـاج و تەخـتی لێ بسـتـێنێت. ئـەوە دەڵێت و گـیـانی دەردەچێت. پاش بە خـاک سـپاردنی، خـورشـیـدەی عـاڵەمگیـر دەبەن و لە کڵێسـادا تاجی شـاهیی لەسـەر دادەنێن، لە کـاتی تاج لـەسـەرنانـدا، شـازادە دەسـتنیـشـان دەکـرێت کـە تاجـە کـە لەسەر خورشیدە بنێت، لە کاتی تاج لە سەردانانەکەدا، خورشیدە ئەوەندە، جوان دەبێت، شـازادە سـەری لێ دەشـێـوێت بـەڵام بە هـەرلەونێ دەبێت تاجـەکـە لەسـەر خورشـیـدە دەنێ و دەسـتی مـاچ دەکـات و پاشـەوپاش دەگـەڕێتـەوە، پـاش جـەژن و خـواردنەوە بەرەو سـەرای پاشـا دەچنەوە و نۆش ئـافـەرین دەزانێت کـە شـازادە پەرێشـانی خـورشـیـدە خـاتوون بووە، بۆیە دەڵێت هـەر جۆرێ شـازادە پێی خـۆش بێت، ئەمیش پێی ڕازییە.

بۆ مـاوەیەک لەوێدا دەمـێننەوە، لەو مـاوەیەدا مـەیموونە خـاتوون و عەبدورەحـمـان

پاشایش دێن بۆ دیداری شازادە و کاتێ لەگەڵ خورشیدەی عالەمگیردا، ئاشنا دەبن، مەیموونە خاتوون یەک دڵ نە سەد دڵ عاشقی خورشیدە خانم دەبێت، ڕوو دەکاتە شازادە و دەڵێت من وەها گرفتاری ئەو ڕوومەت و خاڵە بووم، داخوا تۆ دەبێ چۆن بیت. شازادەش دەڵێت من شەیدای خورشیدەم، بەڵام ئەو پاشایە و دەبێ خەریکی کاروباری دەسەڵاتداری بێ، نەک بازاڕی دڵداری. کاتێ خورشیدە خانمیش لەوە ئاگادار دەبێت، کە شازادە لە نێو پەرییانیشدا دڵداری هەیە، دڵێ نە سەد دڵ عاشقی شازادە دەبێ و نایەوێت بە هیچ شێوەیەک لە دەستی بدات. بۆیە ماوەیەکی درێژ بە بیانووی ڕێکخستنی کاروباری دەسەڵاتەوە لای خۆی ڕای دەگرێ. هەتا جارێکیان کە مەیموونە خاتوون لەلای خورشیدە خانم دەبێ، فەرمان بە دایەنەکەی دەکا، بچێت شازادەش بێنێت بۆ ناو باخ، کاتێ شازادە دەچێتە ناو باخ و چاوی دەکەوێت بە خورشیدە خانم، لەسەر خۆی دەچێ خورشیدە دەڵێت:

شازادە چون خاک دەروون کەیل خەم
کەفت نە خاک پای خورشید عالەم

واتش چێش مەبۆ گیانم بۆ فیدات
ئارۆ بسپاروو گیان نەقەدەمگات

خاتوونە واتش شازادەی خەمبار
وێت سبوک مەکەر جە خدمەت یار

خورشیدە خانم زۆر ئامۆژگاریی شازادە دەکات کە دان بە خۆ بدا بگرێ تا وەزیر و هاوڕێیانی نەیدەنە بەر تانە و توانج، دەڵێت، منیش لە تۆ زیاتر دڵوداوی تۆم، بەڵام هەر کارێک بە وەختی خۆی، ئەو شەو بەزمێکی باش ساز دەکات و زۆربەی میوانانیش بانگهێشت دەکات. بۆ ناو گوڵزار و باخ تا بۆ ماوەیەک پێکەوە بن.

تا ئاخر شیرین نازدار فەرەنگ
نیشت وەبان تەخت نەقاش گوڵڕەنگ

مەشغووڵ بی بەکار پاشاییی وێش
ئەهل فەرەنگ شار شاد بین وەپێش

خـــولاســـــەی کـــەلام تا وەعـــدەی هەفت مـــا
یە کـــــردارش بی شــــای حــــۆری لەقـــا

عـــەیش کـــەردن بـەعـــەین بـە دەمـــاخ دڵ
مەشـغووڵ عەیش و نۆش تا هەفت مـای کامڵ

پاش ماوەیەک شـازادە دەچێتە لای خـورشیدە خـاتوون، ئیجـازەی لێ وەردەگرێت کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، چونکە زۆر کەس چاوەڕێیانن. خـورشیدە خـانمیش بەشێوەیەکی زۆر جوان پێداویستیی سەفەریان بۆ ئامادە دەکات و وەڕێ دەکەون. مـاوەیەکی پـێ دەچێت، وەزیـران و کـاربـەدەسـتـانـی خـورشـیـدە خـانم دەکـەونە پیـلانگێـڕان دژی و بەو بیـانووەی گـوایا نـاوبراو ناتوانێ ئـەرکی پاشـایـەتی رایی بکات، بەنهێنی لەگەڵ برازایەکی قاتب شا بەناوی کیانووش رێک دەکەون کە ئەگەر ئامادە بێ، هێرش بکاتە سـەر فەرەنگ، یارمـەتیی دەدەن، ئەویش بەڵێن دەدا و دێت و بە تەمـای پاشـایەتیی فـەرەنگ دەچێـتە سـەریـان. خـورشـیـدە خـانم لەو پیـلانەی کیانووش ئاگادار دەبێ، کاتێ لەگەڵ وەزیرەکانی ڕاوێژ دەکات، تێ دەگات هـەمووی فیـتی دەسـتوپێوەندەکـانی خـۆیەتی. دەسـبـەجێ قوفڵی خـەزانەکـەی دەشکێنی و دوازدە هـەزار سـوار ئامـادەی شـەڕ دەکـا، لەو شـەڕەدا خـورشـیدە تێک دەشکێ و کیانووش خورشیدە بەدیل دەگرێت.

شـازادە لـەگەڵ فـەرهـەنگی دێودا کـە دەیانویست سـەردانێکی خـورشـیـدە بکەن لەکاتی شـەڕەکەدا خۆیان دەگەیەنن، هـەر لە ئاسمانەوە فـەرەنگی دێو، نەعرەتەیەک دەکـا و نیـوەی هێزەکـەی کـیـانووش زارویان دەتۆقی، شـازادە لە پشـتی فـەرەنگ دادەبەزێ بەرەو لای کـیـانووش دەڕوات و هـەر لەدوورەوە زەبرێکـی وەهـای لێ دەدا کە لەگەڵ ئەسپەکەیدا دەیکات بەچوار بەشـەوە. کاتێ هێزی کیانووش ئەمە دەبینن بە یەکـجاری مـەیدان چۆڵ دەکەن. شـازادە، خورشـیـدە خـانم رزگـار دەکـات و بە سـەربەرزی دەگەڕێتـەوە بۆ ناوشار، تەواوی ئەوانەی لە پیلانەکەدا دەسـتیان هـەبوو، دەکـوژێ و خـورشـیـدە دەکـاتەوە بەپاشـای فـەرەنگ و پێـشـیـان دەڵێت، هـەر کـاتێ بمەوێت لـە مـاوەیەکی کـورتدا لێـرە حـازر دەبم، وای بەحـاڵـتـان ئەگـەر پـێ خـوار دابنێن. هـەمـوویان ســەری رێزی بۆ دادەنەوێـنن و بەڵێنی پێ دەدەن لە فــەرمـانی

خورشیده خانم دەرنەچن.

شازادە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێدا دەمێنێتەوە و پاش سێ ڕۆژ بە فەرهەنگی دێو دەڵێت با بڕۆین بگەینەوە بە هاوەڵانمان، ئیزن لە خورشیدە خانم وەردەگرن و بەڕێ دەکەون، لەولایشەوە خان محەمەد و هاوڕێیانی بەڕێ دەکەون تا دەگەنە وڵاتی مەغریب، لەوێدا سەعید و مەسعوود ئاگادار دەبن کە سوڵتان ئیبراهیم نۆش ئافەرینی رزگار کردووە خەریکە بەرەو دیمەشق دەچێتەوە، دەسبەجێ چل هەزار سوار ئامادە دەکەن و سەرەڕێگایان لێ دەگرن، خان محەمەد بە غوڵامان دەڵێت، دەخیلتان بم وەخۆ کەون ڕۆژ، ڕۆژی غیرەتە، لەگەڵ غوڵامەکانی بەرەنگاری هێزەکەی سەعید و مەسعوود دەبنەوە و پاش یەک ڕۆژ شەڕ، خان محەمەد بە حەمید دەڵێت نۆش ئافەرین و ماهی زەڕئەفشان بەرەو لەو شاخەدا پارێزگارییان لێ بکە. ڕۆژی دواتر کە خان محەمەد بریندار دەبێت و ئەوەندەی نامێنێت کە نۆش ئافەرین و ماهی زەڕئەفشان بەدیل بگیرێن، لەپڕ شازادە و فەرهەنگی دێو وە فریای دەکەون هەر لەدوورەوە شازادە بەوە دەزانێ و هاوڕێ لەگەڵ فەرهەنگی دێودا بەگوڕاندن بەرەو هێزەکەی سەعید و مەسعوود هێرش دەبەن، ئەسپ و فیل و مرۆڤ وەک گەڵاڕێزان دەبارێننە سەر زەوی. هێزی مەغریبی شکست دێنێ و مەسعوود بە دەستی شازادە دەکوژرێ و سەعیدیش بەدیل دەگیرێت. کاتێ کە شازادە دەگاتە خان محەمەد سەیر دەکات بەسەختی بریندار بووە لە باوەشی دەگرێ و فەرمان دەدا، زوو دەرمانی بکەن. هەر لەوکاتەدا نۆش ئافەرین و ماهی زەڕئەفشانیش لە ئاسمانەوە دێنە خوارێ و پاش بەخێرهێنانی شازادە، هەواڵی خورشیدە خانمیش دەپرسن. شازادەیش تەواوی بەسەرهاتی شەڕی کیانووش و خورشیدە خانمیشیان بۆ دەگێڕێتەوە و هۆی وەدرەنگ کەوتنەکەشی روون دەکاتەوە. دوای ئەوەی کە هێزی مەغریب دەشکێنێ، سەعید بانگ دەکات و دەڵێت، من ئێستا چی لە تۆ بکەم. خان محەمەد دەڵێت، قوربان ئەو نەزانکاریی کردووە و سزای خۆیشی وەرگرتووە، وا باشترە بیکەیتەوە بە پاشای مەغریب و بەرگی شاهانەی لەبەر بکەیت، سەعیدیش لەبەر پێی شازادە کڕنۆش دەبا و داوای لێبووردن دەکات. شازادەیش دەستی دەگرێ هەڵی دەستێنێتەوە و خەڵاتی شاهانەی پێ دەبەخشێ و دەیکاتەوە بەپاشای مەغریب و پاش چەند ڕۆژێ حەسانەوە، بەرەو دیمەشق بەڕێ دەکەون.

شازادە هەر لەوێدا بەخان محەمەد دەڵێت، نامەیەک بنووسە بۆ جەهانگیر شا ئاگەداری بکەوە لە گەڕانەوەمان. ئەویش دەسبەجێ نامەیەک دەنووسێ بۆ جەهانگیر شا و هەواڵی گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی شازادە و نۆش ئافەرینی بۆ دەنووسێ و بۆ دیمەشق بەڕێی دەکات. کاتێ جەهانگیر شا لەو هەواڵە ئاگەدار دەبێتەوە، فەرمان دەدا بەشێوەیەکی شاهانە پێشوازی لە شازادە و هاوڕێیانی بکەن. تەنانەت خۆیشی دێتە دەروازەی شار تا شازادە و داروەدەستەکەی دەگەنە ئەوێ، جەهانگیر لە ئەسپەکەی دادەبەزێ و شازادە و خان محەمەد و حەمیدیش پیادە دەبن و بەرەو لای جەهانگیر شا دێن و کورنۆشی بۆ دەبەن، جەهانگیر شا دەستیان دەگرێ و هەڵیان دەستێنتەوە و لە باوەشیان دەگرێت و پیرۆزباییی ئەو سەرکەوتنەیان لێ دەکات. پاشان بەدیداری نۆش ئافەرین شاد دەبێتەوە و بەخێرهاتنی ماهی زەرئەفشان دەکات. هەر ئەو شەوە کۆڕێک دەبەستن لە گەرمەی مەجلیسەکەدا نۆش ئافەرین کەتنەکەی سەلیم کوڕی عیزەت خانی وەزیر بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، جەهانگیرشا هەر لەوێدا فەرمان دەدا عیزەت خان بێنن، کاتێ ناوبراو دێننە بەردەستی دەست دەکا بە سوێندخواردن کە ئاگاداری ئەو کەتنە نییە. شا باوەڕی پێ ناکات و هەرلەوێدا فەرمان دەدا بە میرغەزەب، سەری لە لاشەی جیا بکەنەوە، پاش ئەوە کۆڕی بەزم و شادی بەرپا دەکەن و بۆ ماوەیەک خەم و دەردیسەری دەوران لەبیر دەبەنەوە.

مانگێک دواتر بڕیار دەدەن بچن بۆ لای فەیاز عابێد، سەرجەم شا و شازادەکان دەچن بۆ لای فەیازی عابێد، ئەویش پێشوازییان لێ دەکات و پیرۆزباییی سەرکەوتنەکەیان لێ دەکا. بەتایبەت لە شازادە و خان محەمەد و حەمید، دوعای خێریان بۆ دەکات، پاشان نۆش ئافەرین لە شازادە مارە دەکا و دەبن بە حەڵاڵ و هاوسەری یەکتر، هەموویان ماڵاوایی لە فەیازی عابێد دەکەن و دەگەڕێنەوە و دەکەونە بیری زەماوەندکردن، شازادە بە فەرهەنگی دێو دەڵێت، ئەم زەماوەندە بێ مەیموونە خاتوون چێژی نییە، زوو بچۆ و ئەویش ئاگەدار بکەوە. فەرهەنگی دێو وەک تیرێ لە کەمان دەرچێت، لە ماوەیەکی کەمدا دەگاتە لای مەیموونە خاتوون هەواڵەکەی پێ دەدات، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە لەگەڵ تۆقێ پەریدا بەرەو لای شازادە بەڕێ دەکەون، شازادەیش بەو هاتنەیان زۆر خۆشحاڵ دەبێت. بەهەرحاڵ پاش مارەبڕینەکە بڕیار دەدەن، زەماوەندەکەیان ببەنە وڵاتی چین. جەهانگیر

شـایش ئەوەی پێ خـۆش دەبـێ و تەواوی کـەرەسـتـە و کـەلوپەلی ڕێگایان بـۆ حـازر دەکات و پاش یەک مـانگ بەرەو وڵاتی چـین بەڕێ دەکەون، دەچن تا کەناری دەریا و لەوێدا سـواری کەشـتی دەبن و هـەتـا نزیکی وڵاتی چین دەکەونەوە لە کـەشـتـییـەکـە پیادە دەبن بۆ مـاوەیەک لەو شوێنەی جێگاکەی حـەمیددا، دەحەسـێنەوە. هـەرلەوێدا بەڵێنەکەی خۆی بۆ حـەمید جێبەجێ دەکا.

پاش ئەوەی سوڵـتان ئیبـراهیم دەکەوێتـە بیری حـەمید، دەسـبەجێ خـان مـحـەمەد ڕەوانەی لای ئـەسکەندەر شـای دەکـات کـە جـەهانسـووزی بۆ خـوازبێنی بـکات، سـەرەتا ئەسکەندەر شا بەمـە رازی نابێ، دەڵێت ئەگەر سوڵـتان ئیبراهیم بۆ خـۆی دەیەوێت، هیچ قسـەیەکم نییە، بەڵام ناتوانم کچەکەم بدەم بـە پیاوێک کە هـاوشانی خـۆم نەبێ، خـان مـحـەمـەد هـەرچی دەکا، حـەمید ناچێتـە دڵی ئەسکەندەرشـاوە، لە ئەنجـامـدا پێی دەڵـێ من هـەمـوو ڕێگایـەکم گـرتـەبەر، بەڵام بـێ ئاکـام بوو. بەخـوا ئەگەر ئەم داوایەم قـبووڵ نەکەیت، بەزۆریش بووە کچەکەت لە حـەمید مارە دەکەم. ئەسکەنـدەر شـا تووڕە دەبـێ فـەرمـان دەدا، کـە خـان مـحـەمـەد بەدیل بگرن، خـان مـحـەمـەدیش چەندەها کـەسـیان لێ دەکوژێت، پەلامـاری ئەسکەندەر شا دەدا و بەڵام لەدەسـتـی دەردەچێت، وەزیرێـکـی دەبێ ڕووی تێ دەکات و دەڵێت، گـەورەم! مـەگـەر شـێت بووی، خـەریکە وڵاتەکـەت بـە بای فـەنا دەدەی، مـەگـەر نازانی ئەگـەر شـازادە لەو کـارەی تۆ ئاگادار بێت، بە هـێـزی دێو و پەری هـێرش دێنـێ و وڵات وێران دەکا. ئەسکـەندەر شـا دەڵێت، ئەدی چی بکەم باشـە؟ وەزیر دەڵێت گـەورەم وا باشـتـرە خوازبێنییەکە قبووڵ بکەی با وڵاتمان تووشی لەناوچوون نەبێ، حەمیدیش پیاوێکی گـەورە و خـاوەن دەسـەڵاتە، سـەرئـەنجـام ئەسکـەندەر شـا رازی دەبێ و شـەڕەکـە ڕادەگـرێ و داوای لێـبـووردن لە خـان مـحـەمـەد دەکـات و فـەرمـان دەدا هـەرچی شـایستـەی جەهانسـووزە حـازری بکەن و لەگەڵ خـان مـحەمەد و وەزیرەکەی خـۆی ڕەوانەی لای شـازادە دەکات، ئەوانیش دەسـبەجێ جـەهانسـووز دێنن و بەفـەرمـانی شـازادە لە حـەمیدی مـارە دەکەن، شـازادە دەیەوێت هـەر لەو شـوێنە زەمـاوەندی بۆ بکات، بەڵام حـەمید رازی نابێ و دەڵێت، هـەتا جـەنابتـان بە موڕادی خـۆتـان نەگەن، من زەماوەند ناکەم.

لەولایشـەوە لە کێوی قاف زەلغـەم و عەلقەم دوو برای تریان دەبن بە ناوی زەڕفام

و گوڵفام، کاتێ ئەوە دەبیسن کەوا پیاوێک بەناوی سوڵتان ئیبراهیم شازادەی چین هاتووە و هەرسێ براو ئارایشی دێو و تەواوی بنەماڵەکەیانی کوشتووە، توورە دەبن و بڕیار دەدەن، تۆڵەی بنەماڵەکەیان لە شازادە بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەکەونە ڕێ و دێن هەتا دەگەنە شوێنی ئوردووی شازادە. بەهەر شێوەیەک دەبێ شوێنەکەی شازادە دەدۆزنەوە و شەو دێنە سەری، زەڕفام هەر لەدوورەوە بەدارێکی شمشادەوە پەلاماری شازادە دەدا، شازادەش لە خەو ڕادەپەڕێ و دەستی زەڕفام دەگرێت و هەتا هێزی تێدا دەبێ شمشێرێ لە پژوێنگای دەدا و دەیکات بە دووکەرتەوە، گوڵفام لە پشتەوە بە هەلی دەزانێ و دارێکی شمشاد دەدا لەسەر شازادە و بێهۆشی دەکات، هەکە دەیەوێت بە شمشێر سەری لێ بکاتەوە، نۆش ئافەرین وەخەبەر دێ و لە دواوە هەتا هێزی تێدا دەبێ شمشێرێک لە ناوشانی گوڵفام دەدا و دەیکات بە دوو کەرتەوە، بەپرتاو بەرەو شازادە دەچێ و لە باوەشی دەگرێت. لەبەر دەنگە دەنگی دێوەکان، خان محەمەد و هاوەڵانیشی ئاگادار دەبنەوە. کاتێ دەچنە ناو چادرەکەی شازادەوە، سەیر دەکەن دوو دێو کەوتوون و شازادەیش بێهۆشە. کاتێ شازادە دێتەوە هۆش، پرسیاری لێ دەکەن، چ ڕووی داوە؟ شازادەش دەڵێت، نازانم. نۆش ئافەرین دەڵێت، ئەو دێوانە خەریک بوو شازادە بکوژن، شازادە بۆ خۆی یەکێکیانی کوشت و منیش ئەویتریان.

هەرکە شازادە ئەوە دەبیسێت، خێرا ڕووداوەکە دێتەوە یادی و دەستخۆشی لە نۆش ئافەرین دەکات. ڕۆژی دواتر فەرمان دەدا بەرەو شاری چین بەڕێ بکەون، چەند ڕۆژێکی تر ڕێگا دەبڕن تا نزیکی وڵاتی چین دەکەونەوە، بە وەزیر دەڵێت نامەیەک بنووسە، بۆ باوکم و هاتنەوەی ئێمەی پێ ڕابگەیەنە، کاتێ عادڵ شا لەو هەواڵە ئاگەدار دەبێتەوە، فەرمان دەدا هەموو بچن بەپێشوازییەوە، کاتێ دەگەنە یەک چاوانیان پڕ دەبن لە فرمێسکی شادی، عادڵ شا بەتاسەوە شازادە لە باوەش دەگرێ و بۆ ماوەیەک بەری نادا، دەنگی هەلهەلەی شادی لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە، عادڵ شا کاتێ نۆش ئافەرین دەبینێت، پڕبەدڵ خۆشحاڵ دەبێ، بەخێرهاتنی دەکات، هەروەها بەخێرهاتنی ماهی زەڕئەفشان و جەهانسووز و وەزیر و حەمید دەکا و ئەملاو ئەولایان ماچ دەکات. بەم جۆرە سوڵتان ئیبراهیم بە ماڵەوەیان شاد دەبێتەوە و ماوەیەک دەحەسێنەوە، پاشان دەکەونە هەوڵی سازکردنی ڕێوڕەسمی زەماوەندی سوڵتان ئیبراهیم.

شازادە فەرمان دەدا کە سەرجەم ئەو پاشا و سەردارانەی کە لەو ماوەیەدا ئاشنا بووە لەگەڵیان، هەر لە عەبدوڕەحمان پاشای پەرییانەوە هەتا مەلیک بەهمەن و ئەلیاس و سەعید و خورشیدە خانم، پاشای فەرەنگ و ئەسکەندەر شا و جەهانگیر شا کەیخوسرەو شا هەموویان، بانگهێشت بکەن بۆ ئەو زەماوەندە، پاش هاتنی سەرجەم ئەو شا و شازادانە، سەرەتا زەماوەند دەکەن بۆ حەمید و جەهانسووز پاشان بۆ خان محەمەد و ماهی زەڕئەفشان. لە دوای ئەوان نۆرە دێتە سەر خۆی، بەڵام لە بێ بەختیی شازادە، هەر ئەو شەوەی بەرلەوە بچێتە پەردەوە، ئارایش دێو کچێ تری دەبێ بە ناوی (زەریر)، کە یەکێ دەبێ لە گەورەترین جادووگەرانی تەلیسمی کێوی (قاف)، ئەو جادووگەرە کە هەواڵی لەناوچوونی بنەماڵەکەی بەدەستی سوڵتان ئیبراهیم دەبیستێ، روو دەکاتە وڵاتی چین و ئەو شەوە کە سوڵتان ئیبراهیم دەچێتە لای نۆش ئافەرین بەسیحر و جادوو خاوبەندیان دەکات.

بەیانی کاتێ کەسوکارەکەیان سەیر دەکەن دەبینن چەند مارێک لەسەر سینەی هەردووکیان پەپکەیان داوە، هەردووکیان مردوون، زەماوندەکە دەبێ بە شیوەن و گریان و شا و شازادە تێکرا، خۆیان لە قوڕ دەنێن، عادڵ شا بۆ ماوەیەک زمانی دەبەسترێت و قسەی پێ ناکرێ. عەبدوڕەحمان پاشا کاتێ دێتە سەریان نەسروڵا لەگەڵ خۆی دێنێت، دەڵێت بزانە ئەمانە چییان لێ قەوماوە، ناوبراویش هەرچەند سەیر دەکات، جێگای زامی مارانگاز نابینێت، دەڵێت ئەمانە مار نەیگەستوون، بۆیە تەنیا فەیازی عابێدیش دەتوانێت سەر لەمە دەربکات. هەر لەوێدا مەیموونە خاتوون و فەرەنگی دێو دەچن بۆ لای فەیازی عابێد، کاتێ ئەو بەسەرهاتە دەگێڕنەوە، پێیان دەڵێت ئەوان بە فیتی (زەریر)ی جادووگەر خاوبەند کراون، هیچ چارەیشیان نییە، تا ڕۆژێ لە دنیا ماون دەبێ هەروا بن، مەیموونە خاتوون دەستەودامانی دەبێت، کە ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، فەیازی عابێد جانماز (بەرماڵ)ەکەی دەدا بەسەریا و ماوەیەک دەچێتە سوژدەوە، پاشان هەڵدەسێتەوە و دەڵێت تەنیا کەسێ بتوانێ شازادە رزگار بکات، خان محەمەدە. دەبێ بچێت و تەلیسمی زەریری جادووگەر لە کێوی قاف بشکێنێ و شووشەکە لە نێو جەرگی زەریری جادوودایە دەری بێنێت و بەو شێوە خاوبەندەکەی شازادە بەتاڵ دەبێتەوە. هەروەها دەست دەبات لەوحێک دەردێنێ و دەیدا بەمەیموونە خاتوون و دەڵێت، لە

هەر شوێنێ خان محەمەد کێشەیەکی تووش بوو، سەیری لەوحەکە بکات، لە نووسراوەکانی کەڵک وەربگرێت، مەیموونە خاتوون ماڵاوایی لە فەیازی عابێد دەکات و دەگەڕێنەوە بۆ چین.

کاتێ ئەو هەواڵە دەبەن بۆ خان محەمەد، دەستبەجێ خۆی بۆ سەفەرەکە ئامادە دەکات. روخ و مەیموونە خاتوون و فەرهەنگی دێو لەگەڵ خۆی دەبات و روو دەکاتە کێوی قاف، یەکەم و دووەم شاخ دەبڕێت و لە سێیەم شاخدا بە روخ و مەیموونە خاتوون و فەرهەنگ دەڵێت، ئێوە هەرلێرە بمێننەوە و چاوەڕوانی من بکەن، ئەگەر سەرکەوتم، ئەوا ئاگەدارتان دەکەمەوە و ئەگەریش نەمتوانی، ئێوە بگەڕێنەوە. ئەمەیان پێ دەڵێت و بەرەو تەلیسمی زەریر بەڕێ دەکەوێت، زۆر شتی بەسەردێ. لە هەموویاندا بەڕێنوێنیی لەوحەکە سەربەرز دەردەچێت، تا دەگاتە نزیک تەلیسمی (زەریر)، سەیری لەوحەکە دەکات دەبینێ تێیدا نووسراوە خان محەمەد شێرێکی شەل و پەککەوتوو دەبینی، لەلای دەستی ئەمیرولئومەرای کێوی قافدایە لە هیچ ترست نەبێ و هەرچی دێتە ڕێگات، بیکوژە تا دەگەیە لای شێرەکە، ئەو کاتە بێ ترس بیکوژە و شووشەی دەرمانی شازادە لە سینەیدایە و دەبێ دەری بێنیت و لەگەڵ خۆتدا بیبەیتەوە بۆ چین، ئەگەر ئەمیرولئومەرای کێوی قاف خۆی دا بەدەستەوە و شەڕی نەکرد، تۆش ئەمانی پێ بدە، بەڵام ئەگەر هەینەی شەڕی بوو، دەسپاریزی لێ مەکە. خان محەمەد لەوحەکە لە باخەڵی دەنێت و بەرەو شێرەکە دەڕوات، لە هەرلاوە دێو و ئاژەڵی دڕندەی جۆراوجۆر دێن بۆی، بێ ترس هەموویان قەلوبنار دەکات.

هەتا دەگاتە شێرەکە. شمشێر هەڵدەکێشێ و تا هێزی تێدا دەبێت شمشێرێکی لێ دەدا و دەیکوژێت. تۆز و غوبارێک هەڵدەستێ و دوای ماوەیەک دەنیشێتەوە. ئەمیرولئومەرای کێوی قاف، سڵاو لە خان محەمەد دەکات و ئەویش بەڵێن دەدا دەست بۆ هیچ کامیان. دەستدرێژی نەکاتە سەر کەس، هەر لەو کاتەدا پەڕی روخ دەخاتە ئاگرەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت، روخ و فەرهەنگ و مەیموونە خاتوون دەگەنە لای و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لێ دەکەن. خان محەمەدیش سینگی شێرەکە هەڵدەدڕێ و شووشەکە دەردێنێ و بە جوانی هەڵی دەگرێت.

مەیموونە خاتوون پاش ئاشنابوون لەگەڵ ئەمیرولئومەرا، تەواوی بەسەرهاتی

سوڵتـان ئیبراهیمـی بۆ باس دەکات. ئەویش دەڵێت. من نەدیدە عاشـقی ئەو پیاوەم، ئەگەر ئیزن بدەن لە هـەلێکدا دێمە خزمەتی. هـەر لەو کاتـەیشدا دەچێت و گۆچان و ئەنگوسـتیلە و قـاڵیـچـەی حـەزرەتی سـولەیمان دێنی و بـەدیاری دەیدات بە خـان مـحـەمـەد. ئەوانیش خێـرا دەگـەڕێنـەوە، هەتا لای فـەیازی عـابێـد ڕاناوەسـتن. خـان مـحـەمەد شـووشـەکە لە بەردەمی فـەیاز دادەنێ، فـەیاز دەسـتخـۆشـیی لێ دەکات و دەڵێت، ئەو شـووشـەیە بەرن لەسـەر سـینەی شـازادە دای بنێن و ئەو لەوحـە لە شـووشـەکە بدەن، پشـت بە خـوا رزگـاریان دەبێ. ئەوانیش بەپـەلە بەرەو چین بەڕێ دەکـەون، پاش چـل ڕۆژ دەگـەنە چین و کـاتێ هـەواڵی گـەڕانەوەی خـان مـحـەمـەد دەبیـسـتن، عـادڵ شـا خـۆی دەچێت بەپیـریانەوە، هەر لەوێوە دەچن بۆ ئەو شـوێنەی کە ئامـادەیان کردووە بۆ شـازادە و نۆش ئافـەرین، خـان مـحەمـەد بەپێی ڕێنوێنیی فـەیازی عـابێـد دەرمـانەکـە بەکـار دێنێ، لەپڕ شـازادە پژمـەیەک دەکـات و هەڵدەسـێتەوە، کـاتێ سـەیری دەوروبـەری دەکات، سـەری سـوڕ دەمـێنێ، هەمـووان جلی ڕەشـیـان لەبـەردایە، نۆش ئافـەرین بەپـەلە خـۆی بەقـومـاشـێک دادەپۆشێ. شـازادە هۆی ئـەو کـارە لـە باوکی دەپرسـێت، ئەویش لەسـەرەخـۆ تـەواوی بەسـەرهـاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. شازادە هـەڵدەستێ و ناوچاوی خان مـحەمـەد ماچ دەکات و ڕێزێکی زۆریش لە فـەرهـەنگ و روخ و مـەیموونە خـاتوون دەگرێ، فـەرمـان دەدا دووبارە شادی بگێڕن.

پاش چەند ڕۆژێ ئەوەندەیان زانی، ئاسـمان ڕەش داگەڕا لەپڕ پیـاوێک لە وێنەی خـۆرەتاو لەسـەر کـورسـییـەکی زێڕین و بەپڕتاو لـە نزیکی سـوڵتـان ئیبـراهیم هاتە خـوارێ و کـوڕنوشـی بۆ برد، لەو کـاتەدا خـان مـحـەمـەد هات و وتی گەورەم ئەمـە ئەمیرولئـومەرای کێوی قافە. سـوڵتان ئیبراهیمیش دەسـتی دەگرێ و لەلای دەسـتی خـۆی دای دەنێت. هەمـوو پاشـاکـان بەخـێـرهـاتنی دەکـەن، پاش مـاوەیەک ئەمـیرولئـومـەرا هـەڵدەسـێتـەوە، بەسـەرهـاتێکی درێژی چۆنیـەتیی عاشـقبـوونی کچـە ئامۆزای خـۆی و گرفتـاربوونی لە تەلیسـمی زەریری جادوو تا ئەوەی خان مـحـەمەد تەلیسـمەکە دەشکێنی و ئەویش زرگـاری دەبێت. پاشـان دەڵێت ئێسـتا داواکاریم لە سـوڵتان ئەوەیە کـە بۆ زەمـاوەندەکەم لەگـەڵ شـا و شـازادەکـانی تر تەشـریف بێنن و بەخـۆشـیی ئێـوەوە ئەو زەمـاوەندە بکەم. شـازادەش بەڵێنی پـێ دەدا و دوای چەند ڕۆژێ بەرەو کـێوی قـاف بەڕێ دەکـەون. لەڕاسـەری جەزیرەی (واق واق)دا سـوڵتـان

ئیبراهیم چاوی بە شوێنێکی خۆش و دڵگیر دەکەوێت، لە خان محەمەد دەپرسێ ئێرە کوێیە؟، ئەویش دەڵێت، گەورەم ئێرە هەر ئەو شوێنەیە کە بەڵێنمان دا کۆشکێکی تێدا سازبکەین بۆ زەنگییانی مرۆڤخۆر.

شازادە هەر لەوێ فەرمانی راوەستان دەدا و بەهێرشێک تەواوی زەنگییانی مرۆڤخۆر دەکوژن و پاشان فەرمان دەدا بەهەرچی دێو و پەرییە، هەرکامیان لە هەر وڵاتێ کە دەتوانن لە مەڕوماڵات و ئاژەڵ هەرچییان دەس دەکەوێت، بیهێنن بۆ ئەو شوێنە، پاش ئەوەی چەند هەزار ئاژەڵ لەوێدا کۆ دەکەنەوە. روو دەکاتە روخ و دەڵێت ئێرەش بۆ تۆ و بێچووەکانت، هەتا تۆ زیندوویت ئیدی پێویستت بە هیچ نابێ، بچۆ و بێچووەکانت بێنەو بێ خەم لەم جەزیرەدا بۆ خۆت بژی. روخ زۆر سوپاسی شازادە دەکات و دەڵێت من هەتا ماوم گوێ بە فەرمانی جەنابتانم، هەر کاتێ پێویستت بە یارمەتیم بوو، تەنیا پەڕێکم بخە ئاگرەوە ولە خزمەتتان حازر دەبم، لەوێشەوە بەرەو کێوی قاف دەڕۆن لە زەماوەندی ئەمیرولئومەرای قاف بەشداری دەکەن و ماوەی چل ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە. پاشان دەگەڕێنەوە بۆ چین و زەماوەندی مەیموونە خاتوون و خورشیدە خاتوونیش دەکەن بۆ شازادە. پاشان خان محەمەد بەنوێنەرایەتیی خۆی دەکات بە پاشای فەرەنگ و لەگەڵ خورشیدە خانم رەوانی دەکات، حەمیدیش دەکات بە وەزیری دەستی راستی خۆی و عادڵ شایش تاج و تەختەکەی بە سوڵتان ئیبراهیم دەبەخشێ و پاش ماوەیەک شا و شازادەکان هەرکام بە دڵخۆشیی تەواوەوە. بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە و ئەوانیش بە خۆشی ژیان دەبەنەسەر. بەم شێوەیە ئەم بەسەرهاتەش کۆتایی دێت.

محەمەد رەشید ئەمینی

چیرۆکە شیعری

# سوڵتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین

واتن شـــازاده شـــەیدای شـــوور عـــەشق
نیـشت وەتۆی کـەشـتـی لوا پـەی دەمـشق

وەتاج و تۆمـــار، جـوقـــەی شـــا قـــەسـەم
راســتـی هەر ئێـــدەن بێ زیاد و بێ کـــەم

عـــادڵ شـــا ژحـــەرف خـاســەی غـولامـــان
یەخـــــەی کـــــەیانی ئاوەرد وە دامـــــان

ســـــەروســــوورەتش کـــــوویاوە ژبەرد
هـەرتا کــــە تاواش شـین و زاریش کــــەرد

واتش ئـەی فـــــەرزەند شـــــازادەی چینم
فـێـدای گـیــانت بۆ گـیـــان شـیــرینم

............................ وێــت یـــارت بــۆ
خـــــواوەنـد ژســـــەر نیگهـــــەدارت بۆ

............................ حـــوکـــام چینت
بـابـۆ وەســـــەرگـــــەرد نۆش ئافـــــەرینت

.....................................................
** ...............................................

بچیم بزانیم شازادە چێش کەرد
وەڕووی دەریاوە چۆن تەشریفش بەرد

شازادە ئەورۆ نیشت وەتۆی کەشتی
نەزاناش وەنەرد بەخت بەرگەشتی

کەشتی راهی بی وە باد موراد
دە رۆز ویارا بێ کەم و زیاد

ستارەی موریخ شانا باڵ و پەڕ
نەهەنگێ وە ئاب بەرئاما وەبەر

وێنەی کۆی پەڕاو یا چون بێستوون
بەو تەور بوڵەند بی نە بەحر جەیحوون

نەهەنگ چون کەشتی ئاوەرد وەنەزەر
ئاما وەتەعجیل چون باد سەرسەڕ

شازادەی ماچین ژخۆف نەهەنگ
دنیا ژدیدەش بی وەشەوەزەنگ

وات بار ئیلاهی ئامان سەد ئامان
چێش کەروو چەنی ئەی کۆی بێ سامان

نەجات دەهەندەی خەلیل ژ ئاتەش
* ئەی کۆی بێ سامان چوونەن عەلاجەش

پادشای شاهان بێ شنۆ و بێ دەنگ
نیگارداری کەی کەشتی ژ نەهەنگ

دوعای شازادە نەوی موستەجاب
هیچ نەوی قەبووڵ................

داش وەکەشتی دا نەهەنگ سەر وەتاو
تەختە تەختەبی کەشتی وەسەر ئاو

گەنج و خەزانە و مەتای کەس نەدار

................................

خاسەی غولامان قامەت شەکەر نەی

................................

مرواری و مەرجان فیرۆزەی خۆشڕەنگ
ژدلێ دەریا بی ئامێتەیێ سەنگ

قاترو ئوشتر ئەسپان توندخێز
غەرق بین وەدەریا شوور شەڕئەنگێز

فەرش فەڕوەشان خەیمەی نیلی رەنگ
تەمامی غەرق بی نەی دنیای نەیڕەنگ

بەڵێ وە مەیلان دەهەندەی داوەر
ژرووی یەک تەختە بەرچی دوونەفەر

ئەوەڵ شازادە فەرزەند عادڵ
دووەم خان محەمەد وەزیر عاقڵ

ژرووی دەریاوە ئاو مەوەردشان
مەیاوا وە عەرش ئاه سەردشان

یاران گۆش دارن پەی گوفتەی قەدیم
من هەر وەی تەورە وەدیدەی خۆم دیم

هەرکەس بکەرۆ ناڕەزای بابۆش
بۆسەر پێش مەیۆن نەکەین فەرامۆش

........... ســـا بابـۆ یـەک کــاریٚ کـــەردم
تـا رۆژ مــــەحــــشـــــەر گــــرانـەن دەردم

هـەرکـــەس نـەســـیـــحـــەت مـن وەیادش بـۆ
نـەکـــــــەرۆن کـــــــاریٚ بـیٚ رەزای بـابـۆ

ئـیـــمـــجـــار وەمـــەیلان رەبـولـعـــالـەمـین
بچـــیم وە ســـەر وەخت ســـوڵتـــان مـــاچین

............. ژدوور دی وە چـــــــــــــــەم
لاڵا ژدەرگـــــــای دانـای مـــــوعـــــــەزەم

تەخـــتـــە چـووب کـەم کـەم وست وە کـەنار
پـارەی تەخـــتـــە چـووب یـاوا وە جـــەنگەڵ

........................................
بـەرئامـــان تەشـــریف وەجـــەنگەڵ بـەردن

نـیگا کـــەردشـــان وەســـەر شـــاخ دار
ســـیب و شـــەفـــتـــالوو ئەنجـــیـــر و ئـەنار

* ئـالـو گــــــاو ئـەنـگـوور و ئـەمــــــــرۆ
مـــیـــوەی گـــووناوگـــوون فـــەراوان دارۆ

ژلوتف بیٚ چوون کــــارســــاز کــــاران
ئـاوێزان بیـــیـــەن جـــە شــاخـــەی داران

شـــــــازادە و وەزیر کـــــاردان عـــــاقڵ
قــــەدریٚ مـــیـــوەجـــات کـــەردن تەنـاوڵ

قـــەدریٚ ژمـــیـــوەی رەنگاورەنگ وەردن
ژ دلیٚ جـــەنگەڵ گـەشت و گـێڵ کــەردن

سێ رۆژ وەنیشات وەی تەورە ویەرد
ژ رەزای خوا تاک تەنیای فەرد

دیشان ژناگا ئاما جەوانێ
ئەوهەم گرفتار حۆری رێزوانێ.

ئەو هەم گرفتار وەیار وێش بی
ساڵ و مانگ و رۆژ، ئەی جەنگەڵ جێش بی

یاوا وەنەشان سەرفروود ئاوەرد
ئاداب و ئەدەب سوجدە و سەلام کەرد

واتش عەزیزان چۆن کەفتەن راتان
وە بان دیدەم گەرد پاڵاتان

چتەور ناوەردین تەشریف وە یانە
بفەرمان بچیم وە بەندەخانە

شازادە وەزیر خەیلێ خۆشحاڵ بین
واتشان ئەحسەن هەزار ئافەرین

هۆرێزان وەپا لوان هەر سێشان
دەست هەم گرتن چون قەوم و خوێشان

یا کەم یا زیاد قەدرێ راکەردن
....................................................

.......................... پڕ نەقاش نەقاش
گشت جەدەولکاری ژسەر تا وەپاش

عەرس مەعجەری تەمام زەڕکاری
* ژ تەرهش نەداشت هیچ شەهریاری

نەقـــەیســــەر رۆم، نـەخـــــاقـــان چـین
نـەداشــتن وێـنـەی ئـەو قـــــەســـــــر زەڕین

فـــەرش فـــەڕوشـــات زیبـــای زەڕئەندووز
مـــەردەنگی لالەی شــــەمع ســـەر پـیـســـووز

قـــاپ قـــاچاخـــان مـــەجـــمـــەی دیوانـی
پـیـــاڵە و بـوشـــقـــاب چینیی خـــاقـــانـی

خـــولاســـە ئـەســـپـــاب چینی وەســـەد رەنگ
مـــەدرەوشـا جـۆرجـۆر چون دانەی فـەرەنگ

پـڕ بـی ژدلێ قـــــــەســـــــر زەڕنـیـگـار
شــــازادە و وەزیـر حـــــەیران بـین وە کــــار

ژرووی مـــــــەسـنـەدان بـگرتـن قــــــەرار
....... تـەوازوع کـــــەردش بـێ شـــــمــــار

وەزیر کـــاردان فــــەهـمــــیـــدەی گـــوزین
پـەرســـا ژحـــەمــیـد وە لـەفــز شـــیـــرین

وات واچـــە پـەرێـم تـــۆ چ کــــــــــارەنـــی
وە تـەنــیــــــــــا نـە تـۆی ئـەی تـالارەنـی

واتش راز مـن بـێ حـــــــەد شـــــمـــــــارەن
بـەخـــــتـم ســـــیـــــاهـەن چارەم ناچارەن

ئـێـــــــوە بـواچـین حـــــالات وێـتـــــــان
ئـەوســـا شـــەرح وێم مـــاچوو پـەرێتـــان

مـــــەعلوومـــــەن ...............................
مـــــەخـلووق ولات کــــام ســــــەر دیاری

ژ دەریا چون بی چون کـــەردین گـــوزەر
بـواچـین حـــالات وێتـــان ســـەرانســـەر

.....................................................
.....................................................

بـەعـــەزم دەمـــەشـق نـەهـانـیـی عـــادڵ
تـەی کـــەردیم راهـان مـــەنـزڵ بـەمـــەنـزڵ

تـەیـی مـــەراحـل مـــەنـزڵ تـەی کـــەردیم
تـەشـــــــریـف وە لـەب دەریـا ئـاوەردیم

لـوایم وەکـــەشـــــتـی راهـی بـیـم رەوان
کـــەشـــتـی وە دەریا تـەعـــجـــیـل وە دەوان

ژ کـــەچیی ئیـــقـــبـــاڵ ژبـەخت بـەرگـــەشت
نـەهـەنـگێ ژئـاب ســـــەر ئـاوەرد وەدەشت

نـەهـەنـگ پـەرێـمـــــا ئـاوەرد پـەلامـــــــار
....... غـــــەزەب وە تـەعـــجـــــیل و تـار

ســــــەردا ژ کـــــەشـــتـی وەتـەقـــدیر هـەق
کـــەشـــتـی داغـــان بی، بی وەهـەزار شـــەق

تەخـــتـــە تـەخـــتـــە بی کـــەشـــتـی ژرووی ئاب
تەمـــام گـــەنج و مـــاڵ غـــەرق بی نەغـــەرقـــاب

چونـکێ رەزاش بـی ئـەی کـــــەرەمـــــــداره
ئـامـــــامــــان وە دەست یەک تـەخـــتـــە پاره

وە مـــــەیلان وێش تـاک تـەنـیـــــای فـــــەرد
وەی تـەخـــتـــە چـووبی ئێـــمـــە ئاو ئـاوەرد

ئیسا چون مورغان بێ ئاشیانە
مەنایم خەجڵ جە ئەی مەکانە

ئێدەن شەرح حاڵ واتیم پەرێت
ئەمجار تۆ واچە شەرح حاڵ وێت

وەزیر وات ژ خەڵق وڵات .....................

.....................................................

ئەی شازادەی نەسڵ عادڵ شای چینەن

.....................................................

شازادە سوڵتان ئیبراهیم نامەن

.....................................................

بەندە ژخزمەت بابۆش وەزیرم

.....................................................

نامم خان محەمەد وەزیر عادڵ
ئیسا نەی جەنگەڵ مەندەبیم خەجڵ

یەک ڕۆزنە تەقدیر ئەی چەرخە پیرە
ئەی زاڵ زەڕهان هەرگیز نەمیرە

ئەی ساحێب چەرخ تەمام پڕ نەقشە
ئەی کوهنە دەیر دڵداری بەخشە

ئەی چادر کەبود بێ چڵ و سوینە
ئەی دوون دەوران کەس نەزان چوینە

ئەی ئاگای دەردان ژبان سەرە
ئەی شادی تاسەر وەکەس نەدەرە

ئەی ژدەنگ پای مـوور خـەبەردارە
ئەی قـەرار دادەی لەیل و نەهارە

ئەی گیان کێش گیان جانداران سینە
ئەی کونفەیەکون هیچ کەس نەوزینە

مەرد توجارێ ژشار دیمەشق
دێوانەی دەیری شەیدای شوورعەشق

ژ تەقدیر چەرخ بینای بێهتەرین
توجار دەمشق راگەش کەفت وەچین

تەسویر سوورەت دوخت جەهانگیر
ئاوەرد وەخدمەت شازادەی دەلیر

نیگای سوورەت کەرد شازادە لاڵپۆش
ژعەشق دوڵبەر کێشا یەک خرۆش

تاکە ئێد شنەفت ژواتەی وەزیر
ئەسرین دێدەش ئاما سەرازیر

وەقت ئیسم یار شازادە شنەفت
بڵێسەی دەروون چون ئاگر و نەفت

رێزنا ئەسرین جە هێجر یارش
پەی یار دڵسۆز شیرین گوفتارش

کولیاوە زامان زام خەتەرش
دوودێ دێویا ژ کەللەی سەرش

واتش ئەی وەزیر فەرخوندەی سالار
خەم گشت عالەم وەمن بیەن بار

مـن چـون پـەروانـە پـەرێ شــــەوق شــــەم
ژ هێــجــران یار مــەســۆزۆ جــەســتــەم

خـــــــەبـەر نـەداری ژئـاه ســـــــەردم
ژعـــــــــەرش ویـەردەن نـاڵـەی نـەبـەدرم

چەنـی بـادە قــــوش شــــەوان تـا وەرۆ
ســـــەدای زایـەڵەی زاریـی مـن مـــــەیۆ

شـین و شـــیـــوەنم نـە شــــەب و رۆژەن
تەمــام نە هێـجـران عـەشـق جـانسـۆزەن

جـەهـانسـۆز کنـاچەی ئەسکەندەر شـاهەن
جــە منیش وێنەی دوو هـەفـتــە مـاهـەن

شــــەوم هـەر روزەن ڕۆژم هـەر شـــەوەن
ئـەی قـــەســـرو تـەلار هـەم مـــاڵ ئـەوەن

گــەنج فـــەراوان مــەتـای بـێ شـــمـــار
کـــیـــانـا پـەرێم ســــازنـام ئـەی تـەلار

گــرفــتـــار عـــەشق ئەو دیدە مـەســتم
هەفت سـاڵـەن ژەی قـەسـر مـن چۆڵپـەرسـتم

حــــەمـــیـــد مــــەلا مــــەوانـان نـامم
گــرفــتــار ئـەشـق ئەو جــەمـین جــامم

* ژ ئـەی جــەزیرە مــوڵک مــۆقـــیـــا
هـەر ژ تـەنـیــــایـی زەهـرەم تۆقـــیـــا

مــــەر وەقـــتێ مـــوراد بـەندە بۆ حـــاسڵ
پەی ئەسـکەندەر شـــا مـــــەرگێ بۆ نـازڵ

وەرنە تا قیام گیرۆدەی دەردم
باقی وەسەلام ها مەعلووم کەردم

ژەی دەم شازادە زەدەی عەشق یار
واتش ئەی حەمید وەشەرت و ئیقرار

ئەر نۆش ئافەرین ئاوەردم وەدەست
شاد بیم وەدیدار شۆخ دیدە مەست

بەوکەس قەراردان چەرخ شەب و رۆز
شادت مەکەرم شەوق جەهانسۆز

حەمید وات بەستم کەمەر وەئیخلاس
* وەزات ئەقدەس بەرز بێ (تەناف) (قیاس)

خزمەتکارەنان غولامان دەستوور
عەبد دورِ نەگۆش حازر وەحوزوور

تا بەرچۆ ژتەن گیان شیرینم
عەبد زەڕخەرید شازادەی چینم

دارۆم چەند ئەسپان خاسکەی توندرەو
توند و تێز هەڵمەت چون شەهاب شەو

چون ئاهووی چۆڵگەرد خاسەی دیاری
نییەن ژ سەر کار هیچ شەهریاری

دانە و جەواهێر مەتای کەس نەدار
بار کەریم ئەسپان رەوەند رەهوار

ژدانەی زمڕود ئەڵماس و یاقووت
بارگیری بکەیم موحکەم و مەزبووت

وەعـــەون بێ چوون جـــەهـان ئـافـــەرین
بشـــیم وە دەمـــشـق پەی نۆش ئـافـــەرین

شـــازادە کـــە ئێـد شـنـەفت ژ حـــەمـــیـد
رەخـــشـــەندە بی بەوێنەی خـــورشـــیـد

خـــــەم و پـەژاران بـەرکـــــەردش نـەدڵ
شـــاد بی شکۆفـــا چون شکۆفـــەی گـــوڵ

واتش وە حـــەمـــیـد ئـەی برای گـیـــانـی
مـــەرحـــەبا ژ تۆ عـــالـی مـــەکـــانـی

بـرادەر بـوزورگ شـــــــاری چـیـنـمـی
ئـەگـــەر مـن مـــردم جـــانشـــینمی

وەلایات چـین وەتـۆ مـــــەســـــپـــــارم
هـەر تۆنـی ســـاحـــێب تـاج و تۆمـــارم

تـا رۆز مـــــــەردەن تـاج ســـــــەرمـی
ژمـن بـوزورگـــــــتـــــــەر برادەرمـی

پەشـــەرت ئێـــقـــرار کـــەردم چەنـی تۆ
مـن وەدەمــــــشـق بـەر وەهـەر نـەهـوێ بـۆ

حـــەمـــیـــد ئێـــد شـنـەفت هۆرێزا وەپا
گـــــــرتـش تـەدارەک پـەی لـوان را

* خــورجــینان ئـاوەرد پەڕکـــەرد ژگـــەوهـەر
بـارکـــەرد نـەئـەســـپـــان رەوەند رەهـوەر

مـــەرکـــەبان ســـازان وەزین زەڕین
خـوســـوســـەن پەرێ ســـوڵتـان مـاچین

شـازاده چـون شـێـر شـوور عـەشـق وەسـەر
پۆشـا بە ئەندام ئەسڵەحەی ..................

وانـا ئـیـسـم زات بیناى بێـهـتـەریـن
پـا دا وە رێـکـاب سـوار بـى وەزیـن

بـەو ئـەسـپ چـیـنـى وێـنـەى ئـاهـووى بـەڕ
توند و تێژ هەڵمەت جەهـان ....................

وەزیـن زەڕیـن ئـاڵاى دڵـپـەزیـر
یـەکـێ پـەرێ وێـش یـەکـێ پـەى وەزیـر

ژقـەسـر زەڕکـار بەرئـامـان وە بەر
حـەمـیـد کلیـد کـەرد هەرهەفت قـاپ دەر

مـوحکەم کـەرد قـاپـى دەروازەى حـەسـار
پـا دان وەریـکـاب وەزیـن بـین سـەوار

مـەدەد ژ مـەعـبـوود کـەردشـان تەڵەب
پەى شـار دەمـشـق مەهـمـیـزدان مـەرکـەب

## بەڕێکەوتنى شازادە و حەمید و وەزیر بەرەو دەمشق

چـۆڵ و بـیـابـان هـەردە وەهـەردە
وێـنـەى ئـاهـووان وەڵـەد گـوم کـەردە

حـەمـیـد بەڵەد بى، وێش پێـشـرەوەى کـەرد
وەشـەب و وەرۆژ راهـان تـەى مـەکـەرد

چل رۆژ وەشـتـاب قـەترەى جـەهد و جـەخت
مـەهـمـیـزدان مـەرکـەب وەوەقت و بێ وەقت

یاوا وەجـــــاگــــــەیێ دەمــــــشـق دا دیار
حـــــەمــــیــــد مـــــەلا ئامــــا وەگـــوفــــتـــــار

وات ئـەی شـــــازادە یە دەمـــــشـق شـــــارەن
بدەر مـــــزگـــــــانـی مـــــــەنزڵگـەی یارەن

مــــــەکـــــان و مــــــاوای نۆش ئـافــــــەرینـەن
ئـەو خـــودا رەشـــتـــــەی ئەو بـێ قــــەرینـەن

شـــــازادە شنـەفت مـــوژدە ژ حـــــەمـــیــــد
وانـا شــــوکـــــر زات دانـای کــــــەس نـەدید

رووکــــەرد وە شــــار کــێــشــــا ئاهـ ســـــەرد
چەند بار سوجدەی قەسردەمشق شارش کەرد

واتش ئـەلســـــەلام قـــــەســــــر دوڵبـــــەرم
هـەم قــــیـــبلـەی دنیــــا و هـەم تـاج ســــەرم

............................ زام نێش خـــــــارانم
هـەم رۆشــنـایـیـی هـــەردوو چـەمــــــــــانم

یـە شـــــــــــار تـۆ بـی ئـەی بـیـنـایـیـی چـەم
رەونـەق دادەی رەنگ رەمـــــەق رەمـــــیـــــدەم

خــــــــەمم چی وەباد شــــــــادیم هـات وەدڵ
هـا یـە شــــــــار تۆن یـاوام وە مـــــــــــەنـزڵ

شــــــــارت دیم وەچـەم شـــــــۆخ نـەونـەهـاڵ
زەڕەیێ خـــەم نەدڵ نـەمـــەند وەمــیـــسـقـــاڵ

ئـیــــمـــجــــار شــــازادە واتش وەحــــەمـــیــد
دۆسـت دڵنـەواز هـەر تـۆنـی ئـومــــــــیــــــد

هەرتۆ یاونای دڵەی من وەکام
ئەی یار گیانی وەسەرگەردت بام

موژدەی مزگانی نۆش ئافەرینم
چتەورەن بدەم گیان شیرینم

کام دڵ ژوەسڵ جانسووز بۆ حاسڵ
بچۆ نەوەردا پەیداکەر مەنزڵ

حەمید ئێد شنەفت توندکەرد تەکاوەر
رێکاب دا وەرەخش جەهان پەیماکەر

وەشوورو شیتاب مەرکەب دا مەهمێز
چون باد سەرسەر خێزا بەئاخێز

جۆش جڵەو رێز وە تاو یەڵغار
حەمید مەلا داخڵ بی وەشار

رووکەرد وەمەحەل وەکووچە و بازار
سۆراخ مەنزڵ وەجستوجووی یار

مەنزڵ پەیدا کەرد روو کەرد وەعەقەب
ئاما وەخزمەت شاە بانەسەب

چی وەئیستقباڵ وەتەعجیل و تار
شازادەی چینی داخڵ کەرد وەشار

ژپوشت مەرکەب پیادە بین بەوار
لوان وەمەنزڵ گرتشان قەرار

ژەی ئەسنا خورشید خاوەر غرووب کەرد
تەشریف وەمەئوای مەغریب زەمین بەرد

جەهان سەرانسەر بی وە دەیجووری
حەمید رەوشەن کەرد شەمع کافووری

واتش من ئیمشەو جە سەودای دڵدار
جەرگم چڵ مەدۆ وێنەی کوورەی نار

ئەو سیازوڵفان دوڕ گۆنا گوڵ
جە بان گەردەن بییەن قەڵای دڵ

گرپەی گۆڕەی نار سۆزش ئەسەردا
ئایر نەجەرگ بوریانش وەردا

مەناڵا و مەوات ئەی سۆسەن خاڵم
خۆ من پەرێ تۆ وەکۆی زوخاڵم

جەرگم گرڕ گرتەن پەی تۆ بە تاوەن
نە ئارەزووی نۆش، نە مەیلم خاوەن

هاسووتم بە عەشق بار خەمانت
پێکیاگم بە تیر داغ هێجرانت

... خاڵی عەشقت نەفەرقم
جەسەر تا وە پا جە شەوقت غەرقم

بەوێنەی شاباز نە چەرخ شاهی
من دوور جە ئابم بەوێنەی ماهی

تۆ جە بان تەخت دانەی زەرین کار
من با بناڵووم وێنەی دەردەدار

تۆ های نە سەودای فیکر سازەوە
جە سەدای سازان بێ ئەندازەوە

من زۆخاو دڵ نە دیدەم دەم دەم
هووناو مەپێکۆ نە دڵەی پڕ خەم

شازادە ناڵا تا بە سفیدە
هووناوان چون سەیل ڕێژا نە دیدە

تا کە ڕەوشەن بی سفیدیی سەحەر
پێچ مەدا بە وێش چون مار بێ سەر

ئارامش نەبێ ساتێ نەجاهێ
ڕوو کەرد نەجانێب حەسار شاهێ

یاران نۆبە نۆ دڵداری داشان
تۆ واتی نمەک وە زامش پاشان

ئەوشەو تا سەحەر هەر زاری کەردش
سەر بە تەکیەی خواب ڕاحەت نەبەردش

شەفەق ڕەوشەن بی سەمتووریێ ئاوەرد
مەیل وە ناو بازاڕ شار دۆلبەر کەرد

هۆرێزان وەپا بە مەزاق زەوق
ڕووکەردن وەشار مەگێلان وە شەوق

چوار گۆشەی بازاڕ سایەی هەریانە
تاکە داخڵ بین وە قاوەخانە

ئەو جاگەی پڕ فەڕ هەم دڵگوزین بی
نەزدیک بە خەڵوەت نۆش ئافەرین بی

نەو جا گە نیشتن بەدەماخ دڵ
جە ڕاز دەوران فەلەک مەند خەجڵ

ناگـــا ســـەدای دەنگ دەبدەبە خـــێـــزا
جە دوور باش دوور باش، مەحشەر مەخێزا

جـــــەوانێ وە بـەرگ زیبــــای زەڕنیگار
غـــــەرق جـــــەواهێـــــر لۆلۆی ئابدار

مــــوکـــــەمــــەڵ وە بەرگ زەڕنیگارەوە
وەسی هەزار کـــەس عـــەلەمـــدارەوە

جـــە گـــۆشـــەی بازار پەیدا بی، خـــرۆش
ســـەداش شی بەگـــۆش، چەرخ مـــیناپۆش

شـــــازادە و یاران شـــــێـــــران دڵدار
هەر سێ پەی نیگا گـــرتشـــان قـــەرار

شـــازادە پەرســـا کـــێن ئەی جـــەوان
بەی تەورە گـــوســـتـــاخ لوا بەمـــەیدان

وات مـــەلەک بەهمـــەن کـــیـــانی نەســـەب
فـــەرزەند رەشـــیـــد پادشـــای حـــەلەب

وارێد بەی مـــەکـــان ئەی ســـەرزەمـــینەن
عـــــاشق بەدیار نۆش ئافـــــەرینەن

جـەی گـفـتـوگـۆ بین هەرسێ بە هـامـــڕاز
جـــە نەو پەیدا بێ مـــەعـــرەکـــەی ئاواز

غـولغـولەی غـەوغـا هەی دوور باش خـێـزا
جە دوور باش دوور باش مەحشەر مەخێزا

نـاگـــا جـــەوانی ئامـــا پەدیدار
ئامـــا نەپەهلووش چل هەزار ســـەوار

تەن وەبەرگ خاس دڵنەوازەوە
بە لە عل و گەوهەر خۆش نەوازەوە

شی نە ڕووی مەیدان پەرێ نەزارە
عاشق بەدیدار شای پەریوارە

جەنەو وات حەمید ئەی شەخسە کامەن
یە جەکۆ ئامان هەم چێشش نامەن

وات مەلەک تووفان میسرەن مەقامش
عالەم مەی لەرزە جە زۆر و سامش

ئەویچ بەی دەستوور زار و خەمینەن
ئەراگێڵ خاڵ نۆش ئافەرینەن

جە نەو پەیدا بی مەعرەکەی ئاواز
سەدای کەڕەنا دەنگ تەپڵ و ساز

شازادە ئەلیاس نەوەی نامدار
نە پەهلووش مەیۆ سەد هەزار سەوار

تەمام رووی عالەم هەم ئەهل بازار
ئامان وە سەیران ئەوشێر نامدار

خولاسە چەند کەس جە عالیجاهان
شازادەی نەجیب نەژاد شاهان

سینەشان بەزام جای دەردو داخەن
بەکەمەند زوڵف سیا دەستاخەن

ئوفتادەی مەیدان نازک نیگارەن
پەی دیدەن باڵاش ئومێدوارەن

عــــەیان [بی] جـــەمـــاڵ قـــورس بـەیزا رەنگ
نمانا بـاڵا شـــــۆخ شــــەیدای شــــــەنگ

ناڵە کـــەفت وەجـــەرگ جـــەرگـــەی دڵداران
ئامـــــــان بە ناڵـە وێنەی بـیــــــمـــــاران

شــــازادان یـەکـــســــــەر بە وێنەی بـوڵبـــوڵ
نـەغـــــمــــــەنەواز بـین پەی دیـدار گـــــوڵ

مــــواتن ئێـــمـــــە گـــــردین جــــە بەندیم
تـەمـــــام گـــــرفــــتــــار نیک کـــــەمــــەندیم

یەک یەک گـرتە بـین سـەر نەسـەودای گـوڵ
کێ دییـــەن نەدەور گــولێ، و ســـەد بوڵبـــوڵ

یەکــســـــەر عــــەندەلیب یەک گــوڵســـتـــانیم
بـاغـــــبــــان باغ هـەم یەک بـووســــــتــــــانیم

شــــازادان تـەمــــام خـــەســـتـــەو پەرێشـــان
ئـامــــــان وە پاین پەی قــــەســــــر وێشــــــان

هـەریـەک بە تـەورێ جـــــە نـەوای ســــــاز بـین
چون بوڵبـــوڵ پەی گـــوڵ نەغـــمـــەنەواز بـین

وێـشــــــــــــــان بــەزاری مــــــــــــەلاونـاوە
بـە ئاهـ دەروون ســــــــــەنگ مـــــــــەتاونـاوە

گــشت کـــەفتن نـە خـــاک نە پای قـــەســـر زەڕ
بە وێنـەی زامـــــــدار بـاڵ جــــــە هـووناو تـەڕ

چون جــــــەیران وە تیـــــــر وە زام کـــــــاری
مــــــەڕێزنان وە چەم ئەســــــــر مــــــرواری

چون مار بێ سەر بەخەم خەم وەردن
خەم وەبان خەم، جە خەم ئاوەردن

سوڵتان ئیبراهیم ئاما جەو دەمدا
خاک پای قەسر بکەرد وە سەردا

نەدەریای دەروون دڵش جۆش ئاوەرد
جەدیدە ئەسرین هوونین جاری کەرد

مەوات ئەی شەش دانگ شاباز تەڕلان
ئەی شەمقارِ شۆخ شەهنشای مەلان

ئەی بوڵبول شۆخ بوستان شاهی
عاڵەم شەیداکەر بەدڵڕووباهی

هەرچەند نەقاشان قەڵەم بەدەستەن
هەرگیز بەی دەستوور سوورەت نەکێشتەن

تۆ ماه و خورشید خاوەر زەمینی
یا مالێک مولک ئەی سەرزەمینی

نییەن جە ئافاق چوار ئێقلیم دەور
نییەن ناپەیدان، شەش دانگش بەی تەور

تۆ ئەر شیرینی شیرین نامتەن
ئەر گوڵئەندامی کێ بەهرامتەن

ئەر لەیل عامری کێ مەجنوونتەن
کێ تەوەلای چۆڵ توون بە توونتەن

کێ وێنەی مەجنون بکۆشۆ بەسەخت
یاهوو بکێشۆ بەوەخت و بێ وەخت

شاه و شازاده خەلایق یەکسەر
شەوق عەشق تۆش جاگرتەن نەسەر

من نمەزانوو حۆری ڕێزوانی
ئەتۆ کافری یا موسڵمانی

یەکسەر شازادان خاتر پەرێشان
ئامان وە مەنزڵ راحەت وێشان

سوڵتان ئیبراهیم دەروون جە غەم کەیل
بەوێنەی مەجنوون ئەو نەشۆن لەیل

کەفت نەڕووی مەیدان زام دەروون چاک
بەوێنەی سایە خەڵتان بی نە خاک

بە دیدەی پڕ نم ئەشک هووناو ڕێز
بە واوەیلای سەخت شوور ڕەستاخێز

حەمید مەلاح وەزیر چەنی هەم
ئامان بە خدمەت شازادەی پڕ غەم

هۆرگرتن نەرووی خاک سیاوە
پێچان وە لەحاف زەرین زیباوە

رەفیقان بە سۆز دڵداری کەردن
بەهەرحاڵێ بی بە مەنزڵ بەردن

ئەو ڕۆ پای سەبر پێچان بەدامان
ئارام گرت تا وەقت شەو بەسەر ئامان

ئاخر شازادە زام دەروون چاک
ئاخێز کەرد نەجا چون شێر نەرووی خاک

واتش ئەی یاران جـــای یەک جـــار ئەرجـــوم
ئیـــــمـــــشـــــەو من نـەدڵ ئیـــرادەی داروومـ

بشـــــۆم بەدەروون ســــــەراچەی حــــــەرەم
بـــەڵــکــە نـــازەنـــین بـــویـــنـــووم وەچـــەم

خـــان مــحــەمــەد واتش گــیـــانم فـــیـــدات بۆ
ئەر تـەشـــــــریـف بەری مـــــــەنعـی نەدارۆ

ســەیرش کـەرد بەعـــزێ جـەشـــەو گـوزەشـــتـە
هـــورێزا وەپـا زام دڵ خـــــــەســــــتـــــــە

## ڕۆیشتنی سوڵتان ئیبراهیم بۆ بارەگای نۆش ئافەرین

گـــــۆش بدەن وەڕاز زەمـــــانەی وەرین
بەیان کـــەم ڕازان شـــای نۆش ئافـــەرین

ســـەر تـا پا لیـبـــاس شـــەورەنگی پۆشـــا
ئایر هـەوەس نەفـــــەرقش جـــــۆشـــــا

کـەمــەن تەڵەب کـەرد جـە خـەیاتەی خـام
حەڵقەی تای کەمەند بەست نەڕووی ئەندام

بەو تـەور نـەفـــــەرقش زۆر ئـاوەرد هـەوەس
نە خۆف نەشا کەرد نە بیم جە عـەس عەس

حـــــەمـــیـــــد و وەزیر بەردش وە رەفـــیـق
جـــە خـــودای باڵا تـەڵەب کـــەرد تۆفـــیق

تا شـین وەپای قـەســـر شـــۆخ دڵپـەســـەند
دەس گرت بە تەناف سەر حەڵقەی کەمەند

کــەمــەند هەوا دا پەی گــۆزەرگــای بام
گـــیـــر دا نـە تورەی ســــەرای دلآرام

تـەکــــان دا بـەوێش شـــێـــر دلآوەر
شــی وە بالآی بـام وێنـەی کـــــەبووتـەر

جــەو دمــا کــەمــەند ئاوێزان کــەردش
وەزیر و حــــەمـــیــــد وەبالآ بـەردش

جــــە بالآی ســــەرا لـوا نـەدامـــــان
بە عـــەزم دیدار، ســــەوڵ خــــەرامـــان

باغێ دین چ باغ عـــەجــــەب گــوڵزارێ
نیـــیــەن جــە ســەرای هیـچ شــەهریارێ

مــوشک بۆ، خـۆشـرەنگ چراغــان بەکـول
نەســرین و ســۆسـەن بیــیـەن مــەداخل

عـــەرعـــەر چناران جــە بەرزیی دەمـــاغ
کــــەردەن ســــایەبان خـــیـــابان باغ

راجـــەی خـــوســـــرەوی نەپای چناران
مــەرەقـســان وەرەقس نـەغـمــەی هەزاران

مــورغــان خـۆشــخـوان هەریەک نە دارێ
وەســـــاز و ئاواز گـــــرتەن کــــەنارێ

تـەزەروان وەبانگ گــــوڵبـــــانگ یاهـوو
قــــومــــریان گم گم هـودهـودان پووپوو

شــەوق جــقــەی تاوس دەنگ بـوڵبــولآن
ئامــان پەخش بیــیـەن ئەو نـەپای گـولآن

سـەرسـەوزو بۆرچین نـەرووی گـولاوان
دەنگ چەرخ باز مـەنیـشت جـەکـاوان

تـەزەروان چەنـی فـیـرقـەی بولّبـولاّن
سـەدای سـۆز سـاز نـەپای کـلاّوان

چەمـەی ئاو سـاف وێنەی شـیـروقـەند
سـاف و خـۆشگەوار دانایان پەسـەند

جـارییـەن نـە رووی سـەوزەی فـەزاوە
وێـنـەی مـــرواری بـە رووی تـەلاّوە

جـەرگـەی نـاروەن دار ئەرغـەوان
جـە شنۆی نەسـیم لاحـەول مـەوانان

لارەی یاسـەمـەن وێنەی تاجـداران
سـیب و بەیی بۆخـۆش نەسـایەی داران

کـەس وەسف سـەناش تەمـام نەکـەردەن
نمەبۆ تـەمـام تـا بـەرۆی مـەردەن

سـاتێ حـەیران بین بە رووی باغـەوە
